# تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما
# لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

**م. ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە**
بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە
avin.asos@uor.edu.krd

**پ. د. عوسمان حەمەد خدر**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
osman.hamad@koyauniversity.org

**پوختە:**

درامـــای شـــیعری شـــوێنێکی گرنـــگ لە نێـــو ڕۆشـــنبیری و شارسـتانییەتی گەلان پێکـدەهێنێت. هەر نەتەوەیەک بە پێـی بـارودۆخی گەشـەکردنی ژیـاری و مێژوویی و ڕۆشـنبیری خـۆی بایەخی پێداوە و پـێگەی لە نێـو ئەدەبەکەیـدا چەسـپاندووە. درامـای شـیعری لە ئەدەبـی کوردیـدا مێژوویەکـی دوور و درێـژی نیـیە، بەڵام وەک سـەرچاوەکان ئامـاژەی بـۆ دەکەن، سـەرەتای سـەدەی بیسـت دەروازەیەکـی نـوێ و گرنـگ بـوو لە دەرکەوتنـی درامـای کـوردی و چەکەرەکردنـی، سـاڵانی حەفتا و هەشتاکان قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی درامای کوردیدا. لەم ڕوانگەیەوە (شێرکۆ بێکەس) لە ئەزموونی ئەدەبی خۆیدا ڕۆڵێکی دیار و کـارای هەبـووە لە داهێنـانی ئەدەبـی و نووسـینی درامـای شـیعریدا، لە مـاوەی سـاڵانی حەفتاکانـدا سـێ درامـای شـیعری نووسـیوە بەنـاوی (کاوەی ئاسنگەر، دیوار و دەنگی خوێن، ئاسک)، هەر یەک لەم درامایانە تەکنیکـی بەهێزیـان هەیە و ڕەگەز و توخمەکـانی درامـا بە شـێوەیەکی تۆکمە و سەرنجڕاکێش بەکارهاتوون .

**وشە سەرەکییەکان:** دراما، ڕەگەزەکانی دراما، ڕووداو، کارەکتەر، دیالۆگ، کات، شوێن، مۆنۆلۆگ .

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە، بەناوونیشانی (تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا)، توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە لەبارەی دراما شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس. لەم کرۆکی توێژینەوەکەدا تیشکمان خستۆتە سەر چەمک و پێناسەی درامای شیعری و جیاوازی نێوان درامای شیعری و شیعری درامی، لە دواتردا بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕەگەز و تەکنیکەکانی دراماکانی شێرکۆ بێکەسمان خستووەتە ڕوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئامانجی سەرەکی لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی جیاوازی نێوان درامای شیعری و شیعری درامی، بەهۆی ئەوەی تێکەڵبوونێک لە ڕووی پێناسەوە لە نێوان ئەو دوو زاراوەیەدا هەیە، هەروەها دیارکردن و هەڵوێستەکردن لەسەر ڕەگەز و تەکنیکەکانی دراما لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. بەو پێیەی شاعیر ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، ئەرکی توێژەرانە ڕەهەندی جیاجیای شیعرەکانی بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستە کارمان لەسەر سێ درامای شاعیر کردووو؛ ئەوانیش درامای (کاوەی ئاسنگەر، دیوار و دەنگی خوێن، ئاسک)ن.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوە میتۆدی (وسفی – شیکاری) پەیڕەو کراوە .

**پەیکەری توێژینەوە:**

**تەوەری یەکەم//** چەمک و پێناسەی دراما

**تەوەری دووەم//** درامای شیعری و شیعری درامی

**تەوەری سێیەم//** تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم// چەمک و پێناسەی دراما:

دراما چالاكییەكی بەردەوام و زیندووی گەلانی دنیایە. بە پێی ئەو ژینگە و بارودۆخەی تێیدا بەرهەم دێت پێگە و بایەخی خۆی هەیە كەوای كردووە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەكان بەردەوام لە گەشە كردندا بێت. وشەی دراما وەكو زاراوە بنەڕەتەكەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەكان، ((وشەیەكی گریكی كۆنە و لە مەیدانی زمانەوانی گریكی كۆندا مانای (كار یان كاركردن)ی بەخشیوە، وشەكە لە بنچینەدا (dromena)بووە، واتا (كاردەكەن)، دیارە ئەم وشەیە لە ژێر باری ڕۆژگاردا سواوە و بووە بە – drama بە واتای (كاركردن))(هەورامی، ٢٠٠١، ٩). بە تێپەڕبوونی كات بەنێو زمانانی ئەروپا و جیهاندا بڵاوبووەتەوە. ئەگەرچی ئەوروپییەكان لە بەرامبەر ئەو وشەیە (action) بەكاردەهێنن كە بە واتای كار یان چالاكی دێت، لە زمانی عەرەبیشدا بە واتای كار یا ڕووداو وەرگیراوە (الطاهر، ١٩٧٩، ١٨٩). لە لایەكی ترەوە (محمد مندور) پێی وایە وشەی دراما لە لای یۆنانییەكان لە كاری (Drao)وەرگیراوە و بە واتای (كاردەكات یا دەجوڵێت) دێت و لە دواتردا بووە بە زاراوەی دراما كە هونەرەكانی تراژیدیا و كۆمیدیای كۆنی یۆنانییەكان دەگرێتەوە، ئەگەرچی لە كۆندا ئەو دوو هونەرە بەشێوەیەكی سەربەخۆ بوون.(مندور، ٢٠٠٦، ٦١). لەفەرهەنگی ئینگلیزی ئۆكسفۆرددا بەو شێوەیە واتای وشەی دراما (Drama) ڕوونكراوەتەوە:

١- نواندنێكە لەسەر تەختەی شانۆ یان ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن پێشكەش دەكرێت.

٢-دراما ژانرێک یا ستایلێكی ئەدەبییە.

٣- ڕووداوێكی سەرنج ڕاكێشە(oxford, 2008,230).

بە شێوەیەكی گشتی زۆربەی لێكدانەوەكان بۆ ئەوە دەچن، دراما بە واتای كارێک یان كردەوەیەک دێت كە لەسەر تەختەی شانۆ نمایش

دەکرێت.

(مجدی وهبة) لە (معجم المصطلحات الادب) بەو شێوەیە زاراوەی درامـای ڕوونکـردۆتەوە (درامـا نوانـدنێکی واقیعیـیە، نـاتوانین بڵێـین تراژیدیا یا کۆمیدیایە، چونکە دەقمان هەیە هەردووک جۆرەکەی تێدایە، چارەسـەری ئاریشـەیەک لە ئاریشـەکانی ژیـانی واقیعـی دەکات)(وهبـة، ١٩٧٢، ١٢١). بەو واتایە دراما کێشە و ئاریشەکانی ژیان دەخاتە ڕوو و چارەسەرێکی واقیعییانەشیان بۆ دەدۆزێتەوە.

درامـا هـونەرێکی بـاوی سـەردەمی یۆنـانی و ڕۆمانییەکـان بـووە، دراماکانیش لەو سەردەمەدا لەبارەی ڕەوشی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و میللـی و ژیـانی ڕۆژانەی خەڵکیـیەوە بـووە. (شمیسـا، ١٣٨٧، ١٤٣). هەڵبەت (ئەرستۆ) یەکەم کەسە کەوا پێناسەی دراما و باسی ڕەگەز و بنیاتەکـانی کـردووە. ئەو ڕای وایە کەوا ((تراجیـدی لاسـاییکردنەوەی کردەوەیەکـی سـەنگین و لەخـۆیەوە تەواو پێگەیشـتووە کە درێژییەکـی دیاری هەیە و بە زمانێکی پاراو نووسراوە کە چەندین بـابەتی هـونەری تێدا هەڵکەوتووە کە لەگەڵ بەشـەکانی شـانۆگەری دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بە شێوەی درامـی نەک گێڕانەوە ئەنجـام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە بەزەیی و ترس دەوروژێنێ و بەمەوەش پاکبوونەوە لەم دوو سـۆزەوە دێـتە دی))(ئەرسـتۆ، ٢٠١١، ٢٧). لە تێروانینـی ئەرسـتۆدا شـیعر یـان هەر جۆرێک لە جۆرەکانی هـونەر لاسـایی کردنەوەیە، هەر بـۆیە لە پێناسـەکردنی تراژیدیاشـدا پێـی وایە تراژیـدیا لاسـاییکردنەوەی کـارو کردەوەیەکـی سـەنگینە کەوا بەشـێوەیەکی درامـی دەخـرێتە ڕوو واتە لە ڕێی نمایشکردنەوە ئەنجامدەدرێت.

لە لایەکـی تـرەوە (نهـاد صـلیحە) لە کتێبـی (المسـرح بـین الفـن والفکر)دا لە ڕوانگەیەکی ترەوە باس لە دراما دەکات و پێی وایە (درامـا چـالاکییەکی مەعریفـی هۆشـیارانەی، جـوڵەیی، بەکـۆمەڵی، نوانـدنە، بەو

واتـایەی ئەزمـوونێکی ڕابـردوو بە شـێوەیەکی ئاگـادارانە و مەبەسـتدار دەورووژێنێـت یـان دیـدێکی گریمـانەیی لە فـۆرمێکی هەسـت پێکـراودا بەرجەســـتە دەکات)(صـــليحة، ١٩٨٦، ١٩) واتـــا درامـــا چـــالاکییەکی هۆشــیارییە لە ڕێــگەی نوانــدنەوە نمــایش دەکرێــت و بە مەبەســتی نیشاندانی ئەزموونی ڕابردوو یان هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، ئەمەش ئەوەمـان بـۆ ڕوونـدەکاتەوە کەوا درامـا پەیوەنـدییەکی تونـدوتۆڵی بە ژیـانی ڕۆژانە و کێشــە و ململانێکـانی ژیـانەوە هەیە، چـونکە دیـمەنە واقیعییەکانی ژیان نمایش دەکات.

بە شـێوەیەکی گشـتی لە گەڵ هەمـوو ئەو پێناسـانەی بـۆ درامـا کراون، ڕەخنەگران لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسـەکانیان خستووەتە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشـــدا درامـــا دەقێکـــی ئەدەبیـــیە، لە ڕێـــگەی نوانـــدنەوە نمـــایش دەکرێـــت و بـــۆ خوێنـــدنەوەش دەســـت دەدات، ڕەگەزەکـــانی ڕووداو و کـــارەکتەر و ململانـــێ و... بەشـــداری لە پێکهاتەکەیدا دەکەن .

درامـــا لە ڕووی مێـــژووییەوە مێژوویەکـــی دێرینـــی هەیە، وەکـــو ئاشـکرایە دەگەڕێـتەوە بـۆ جەژنە ئایینییەکـانی سـەردەمی گریکەکـان، بەتـــایبەت بـــۆ جەژنەکـــانی خواوەنـــد (دیۆنیۆســـیۆس). تراژیـــدیا و کۆمیدیاکانی سەردەمی گریکەکان لە دەوری بابەتەکانی ژیـان و مەرگ و ڕێوڕەســمە ئایینییەکـان دەسـوڕانەوە. لە دواتریشـدا لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا گەشـەی کرد و بەشـێوەیەکی گشـتی خـۆی لەو نەریتـانەدا دەبینییەوە کەوا بـاس لە ڕێوڕەسمی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسـیح و بڵاوبـوونەوەی ئـاینی مەسـیحی دەکەن .(فتحی، ١٩٨٨، ١٥٩)، ئەگەرچـی دراما لە سەرەتادا بەشێوەی تراژیدیا و کۆمیدیا هەبووە، ئەرستۆش لە کتێبەکەیدا زیاتر بـاس لەو دوو فۆڕمە دەکـات، بەڵام لەگەڵ گەشـەکردن و پەرەســەندنیدا وەکـو درامـا خـۆی چەسـپاند و تەنـانەت لە شـێوە

سەرەتاییەکانی خۆیشی دوورکەوتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا بنەڕەتی ئەم هونەرە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی بنەماکانی درامایان تیادا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای دەرکەوتنی هاوشێوەی گەلانی دراوسێ مێژوویەکی دێرینی نییە، بەڵکو سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست، لەم بارەیەوە (دکتۆر فەرهاد پیربال) لە وتارێکیدا بەناوی (سەرچاوەکانی شانۆی کوردی) باس لەوە دەکات ((ژانرێکی نوێیە، لە ڕێگای ئەدەبیاتی ئەوروپایی و تورکییەوە ، لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە، کەوتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە)) (پیربال، ٢٠٠٠، ٤) هەروەها ئاماژە بە یەکەم شانۆنامەی بڵاوکراوە دەکات و دەڵێت: ((لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٩دا، لە ئەستەمبوڵ، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی بەناونیشانی مەمی ئالان لە گۆڤاری ژین بە زنجیرە لەژمارە ١٥ و ١٦دا بڵاودەکاتەوە)) (پیربال، ٢٠٠٠، ٢٠). لێرەوە مێژووی درامای نووسراوی کوردی دەست پێدەکات و لە قۆناغەکانی دواتردا لەسەر دەستی پیرەمێرد و گۆران و شێخ نوری و شاعیر و نووسەرانی تر بەردەوام دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە شێرکۆ بێکەس وەک یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی کۆتایی سەدەی بیست بەردەوامی بەو قۆناغبەندییەی نووسینی درامای شیعری و شیعری درامی دەدات و لەو نێوەندەشدا چەند شاکارێکی ئەدەبی دەنووسێت، لەوانەش هەریەک لە دراما شیعرییەکانی (کاوەی ئاسنگەر، دیوار و دەنگی خوێن ، ئاسک) کەوا سێ بەرهەمی دیاری شاعیرن و بە هەنگاوێکی گرنگی ئەزموونی شیعری شێرکۆیی دادەنرێن.

**تەوەری دووەم// درامای شیعری و شیعری درامی:**

دراما هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە بە شێوەی شیعر پێشکەش کراوە و یەکێک بووە لەو ژانرانەی ئەرستۆ لە پاڵ شیعری لیریک و شیعری داستانیدا ناوی هێناوە، هەروەها باس لە وەدەکرێ ((لە هاوسەربوونی شیعر و داستانەوە شانۆ لە دایک بووە)(سالار، ٢٠٠٩، ١١). بەواتایەکی تر دراما لە منداڵدانی شیعرەوە لەدایکبووە. ئەو درامایەی لە یەکەم شانۆگەری یۆنانییەکانەوە وەکو میراتێک بۆ مرۆڤایەتی بە جێماوە تا دەگاتە کۆمیدیای نوێ لەسەردەمی شانۆی ڕۆمانی، هەموویان بە شێوەی شیعر بوون. لە لایەکی تر (ئامرازەکانی گوزارشتکردن پێش ئەوە لە ڕێگەی ئاماژە و سەماوە بووە، تا ئەوەی لە کۆتاییدا بە شێوەی گۆرانی بووە، دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە ڕەگەز و توخمەکانی دراما بەرەو کامڵ بوون چوون و شێوەی باوی ئێستای وەرگرتووە)(سرسک، ٢٠١٥، ٣٧). هەروەها شیعر هەر لە کۆنەوە هونەرێکی سەربەخۆ بووە و زۆربەی ژانرەکانی تر سوودیان لێ وەرگرتووە و هونەری دراماش وەک پێویستییەک سودی لە بونیادی شیعر وەرگرتووە، چونکە شیعر تاکە ئامرازی دەربڕین بووە، بەمەش شیعر و دراما تێکەڵاو و ئاوێزانی یەکتر بوون و کاریگەریشیان لەسەر یەکتری دەردەکەوێت.

لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە شیعر باڵی بەسەر درامادا کێشابوو، لەگەڵ ئەوەی دراما لە سەردەمی یۆنانییەکان و کلاسیزمی نوێدا دەربڕی بابەت گەلێکی بابەتی بووە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆمانسیزم ڕەوتی درامای شیعری گۆڕانی بەسەردا هات، بە جۆرێک (ڕۆمانسیزم درامای شیعری گۆڕی بۆ شیعری درامی، سەرشانۆی گۆڕی بۆ کتێب، بینەری گۆڕی بە خوێنەر، ئەم بزاوتە کاریگەری هەبوو لەسەر سۆز و خودییەتی شاعیر و ئەندێشە، ئەم کۆمەڵە سیمایانەش

نەدەگونجان لەگەڵ دراما، بەمەش پێگەی شیعری لیریکی لەسەر حسابی درامای شیعری بەرزبوەوە. هەربۆیە یەکێک لە ڕەخنەگرەکان پێی وایە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆمانسیزمی بۆشاییەکی خستە نێوان درامای ڕۆمانسیزمی و نواندنەوە، لەبەرئەوەی نواندن یان دراما بابەتێکی مەوزوعییە، لەکاتێکدا بزوتنەوەی ڕۆمانسیزم هەوڵێک بوو بۆ دەربڕینی ئازادانەی هەست و هزری نووسەر، بەمەش نابەرامبەرییەک کەوتە نێوان ڕۆمانسیزم و دراما و نواندنەوە)(عبدالغني، ٢٠١٣، ٢٣). کەواتە ڕۆمانسیزم هەوڵێک بوو بۆ گۆڕینی درامای شیعری بۆ شیعری درامی.

**لێرەدا دەکرێت بە چەند خاڵێک جیاوازی لە نێوان درامای شیعری و شیعری دراميیدا بخرێتە ڕوو:**

١- درامای شیعری بریتییە لەو درامایەی بە شیعر دەردەبڕدرێت، واتا زمانی شیعری زاڵە بەسەر ڕەوتی دراماکەدا، ئەمەش لە ڕێی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی نێو دراماکە بە ئەنجام دەگات، یان (درامای شیعری مەبەست لێی ئەو درامایەیە بە شیعر نووسراوە یان بە زمانێکی پەخشانی کەوا شێوازێکی شیعری هەیە. بە واتایەکی تر درامای شیعری بەرجەستەکردنی شیعرە لە درامادا)(تریش، ٢٠١٧، ١٠). ئەگەرچی ئەم تەوزیف کردنەی شیعر کارێک نییە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام بدرێت، بەڵکو درامانووس ڕۆڵێکی دیار بە زمانی شیعری دەبەخشێت، بۆ ئەوەی تەنها ئامرازێکی پێشکەش کردن نەبێت. بەڵکو ئەم تەوزیفکردنە لە ڕێگەی دیالۆگەوە ئەنجام دەدرێ. درامای شیعری دیالۆگە، دیالۆگی شانۆییش کۆمەڵێک وتە نییە لە بەرامبەر بینەردا، بەڵکو گفتوگۆیەکە لە نێوان خودی کارەکتەرەکاندا ئەنجام دەدرێت، ئەم گفتوگۆیەی نێوان کارەکتەرەکانیش گفتوگۆیەکی سادە یان شیعرێکی لەبەرکراو یا وتارێک نییە لە بەرامبەر بینەردا بخوێنرێتەوە، بەڵکو دیالۆگەکە خۆی خودی کردارەکەیە، کارەکتەرەکان ئەوە ئەنجام

دەدەن کەوا دەیڵێن، بە واتایەکی تر دیالۆگ لە درامای شیعریدا ئاماژەیەکە بۆ ئەو کردارانەی لەلایەن کارەکتەرەکانەوە بە ئەنجام دەگات، ئەویش بە نواندنی ئەو بابەتەی شانۆکە لە خۆی دەگرێت. (تریش، ٢٠١٧، ١٠) لە بەرامبەردا شیعری درامی بریتییە لە تەوزیف کردنی رەگەزەکانی دراما لە شیعردا و ((بریتییە لە شیعرێک کە لەسەر بنەڕەتی توخمە درامییەکانی وەکو ڕووداو و دیالۆگ و کەسایەتی و کات و شوێن داڕێژرابێت))(عەولا، ٢٠١١، ٣٥). لە شیعری درامیدا بنەڕەتی ژانرەکە شیعرە و رەگەزەکانی دراما لە خزمەت شیعرەکەدا دەبن، لەبەر ئەوە پێیان وایە (شیعری درامی، یەکەمجار شیعرە ئینجا دراما، بەڵام درامای شیعری بە پێچەوانەوە سەرەتا درامایە، ئینجا شیعرە. ئەدەبی جیهانیش بە شیعری درامی ئاشنا نەببوو، تاوەکو دوای وشکبوونی سەرچاوەکانی درامای شیعری)(عبدالغني، ٢٠١٣، ٢٢)

٢- خاڵێکی تر ئەوەیە لە درامای شیعریدا کەسێتی نووسەر لە نێو کارەکتەرەکانی درامادا ون دەبێت، بە جۆرێک هەر کارەکتەرێک دەنگێکی سەربەخۆی خۆی دەبێت، بەڵام لە شیعری درامیدا لەبەر ئەوەی لیریکییەت زاڵە بەسەر دەقەکەدا دەتوانین دەنگی شاعیر بناسینەوە، لەم بارەیەوە (ت.س.ئیلیۆت) پێی وایە (لە درامای شیعریدا بنیاتی درامی کارەکتەرەکان ئەوە لەسەر شاعیر فەرزدەکات کەوا بۆ هەر یەکێکیان بەشێک لە دیالۆگی شیعری ئامادەبکات، ئەمەش وا لە شاعیر دەکات هەوڵبدات هەموو ئەو کارەکتەرانە بەو شیعرەی پێی دەردەبڕێت، بهێنێتە گۆ، لێرەدا دەنگی شاعیر لەنێو ئەو هەموو دەنگەدا قورس دەبێت، چونکە هەر کارەکتەرێک بە دەنگی خۆی دەدوێت، بەڵام لە شیعری درامیدا دەتوانین دەنگی شاعیر بناسینەوە، ئەگەرچی لە پشت کارەکتەرە خەیاڵی و مێژووییەکانیشدا حەشاردراوە)(فرحات، ١٩٩٧، ٢٢). بە واتایەکی تر لە درامای شیعریدا نووسەر زیاتر بەرەو بابەتی

بوون دەچێت، بەڵام لە شیعری درامیدا لیریکییەت و خودیەتی شاعیر تا ڕادەیەک دەمێنێت و شاعیر بوونی خۆی زیاتر دەردەخات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شیعری درامی شیعرە نەک دراما. بۆ نمونە لە دراما شیعرییەکانی شێرکۆ زۆر کەم هەست بە دەنگی شاعیر دەکەین، بەڵکو دەنگی کارەکتەر زاڵە، بە پێچەوانەی شیعرە درامییەکانی، لەبەر ئەوەیە (شاعیری شانۆیی ناچار دەبێت خود هۆشیاریی بگۆڕێت بۆ گوزارشتێکی بابەتی، چونکە ئەو هۆشیارییە لە ڕێگەی بنەما دەروونی و عەقڵییەکانی کارەکتەرەکانی ناو شانۆوە دەردەبڕێت، بەمەش ژیانێکی تر دروست دەکات کەوا تێیدا مانای ژیانێکی واقیعی بەرجەستە دەکات.(بن زیدان، ١٩٨٤، ٧٨).

٣- درامای شیعری و شیعری درامی هەریەکەیان شیعریکی درێژن، بەڵام ئەوەی جیاجیان دەکاتەوە ئەوەیە کەوا درامای شیعری لە چەند پەردەیەک پێک دێت و بەڕوونی ئاماژە بۆ ژمارەی پەردەکان دەکرێت و ڕیزبەندی پەردەکانیش لەبەرچاو دەگیرێت و بۆ نواندن دەنووسرێت، ئەگەرچی بۆ خوێندنەوەش دەست دەدات، بەڵام زیاتر هونەرێکی ئیلقاکردنە، چونکە شاعیر ئاماژە بە هەموو ئەو کات و شوێن و گۆڕانکارییانە دەکات کەوا لە گۆڕانی هەر جوڵە و گۆڕینێکەوە پەیدا دەبێت لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام شیعری درامی زیاتر بۆ خوێندنەوەیە و لە چەند کۆپلەیەک پێک دێت و باسی ئەو جوڵە و گۆڕانکارییانەی تێدا ناکرێت، لەبەرئەوە ((شیعری درامی مەرجدار نەکراوە، وەکو شانۆیەک بنووسرێت پەردەی "یەکەم، دووەم، سێیەم.." یاخود ناوی کەسەکان بە شێوازێکی دیار بنووسرێت، بۆ نمونە "– شوان" بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە ئەوە کارەکتەرە شوانە))(عەبدوڵا، ٢٠٢٢، ١٩٦). کەواتە درامای شیعری زیاتر بۆ نمایشکردنە وەک لە خوێندنەوە، ئەگەرچی لە ڕێی خوێندنەوەش چێژ و بەهای دەقەکە کەم

ناکاتەوە، چونکە سەرباری هەموو ئەمانە فۆڕمێکی شیعری لە خۆ دەگرێت و ئەم شیعری بوونەشی چیژی دەقەکە بەرز ڕادەگرێت، هەر لەبەر ئەوەشە (ت. س.ئلیۆت) پێی وایە شیعر دەبێت زیاتر بێت لەوەی تەنها هۆکارێک بێت بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری، هەر بۆیە پێویستە شیعر لە دراما پاساو بۆ بوونی خۆی مسۆگەر بکات نەک تەنها ئەوەی شیعرێکی سەرنجڕاکێش بێت لە چوارچێوەی فۆڕمێکی شانۆییدا)(بن زیدان، ١٩٨٤، ٧٨).

وەک دەبینین دراما شیعرییەکانی شێرکۆ هەریەکەیان لە چەند تابلۆیەک یا پەردەیەک پێک دێت و ئاماژە بۆ دیمەن و دۆخی دەروونی کارەکتەرەکانیش دەکات، تەنها درامای (دیوار و دەنگی خوێن) لە یەک پەردە پێکدێت، بەڵام بە چەند وچانێک دیمەنەکان جیا دەکاتەوە. کات و شوێن مەودایەکی دیارکراوی هەیە، شوێن ژوورەکانی بەندیخانەیە و کاتیش لەماوەی یەک شەودا ڕووداوەکان ڕوودەدەن و کۆتاییان دێت.

٤- یەکێکی تر لە جیاوازییەکان ئەوەیە، درامای شیعری ژانرێکی سەربەخۆیە، هەروەک چۆن لە یۆنانی کۆندا ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی دابەشکرابوو بۆ شیعر، داستان، دراما، لەو قۆناغەشدا دراما بە شێوەی شیعر دەنووسرا، بەڵام شیعری درامی فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی شیعر، بە واتایەکی تر شیعرێکە بونیادێکی درامی هەیە و ڕەگەزەکانی دراما بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکەن. (ابراهیم حمادە) پێی وایە (درامای شیعری دەقێکی شانۆییە کەوا بەشێوازی شیعری دەنووسرێت بۆ ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت، دەگونجێت بەرامبەر بینەریش بێت، لەبەرامبەریشدا زاراوەی شیعری درامی هەیە، ئەویش دەقێکە بە جۆرێک نووسراوە کەوا بۆ خوێندنەوە دەشێت وەک لەوەی نمایش بکرێت و بریتییە لەو شیعرەی کەوا لە پێکهاتەکەیدا بنیاتی درامی لە خۆ دەگرێت.)(الزبیدی، ٢٠٠٩، ٢٠).

هەمــوو ئەو جیاوازییــانە دەکرێــت لە نێــو دەقەکــانی شــێرکۆدا بەڕوونی هەستی پێبکرێت، بۆ نموونە دراما شیعرییەکانی زۆر جیاوازن لەو دەقانەی فۆڕمێکی شیعری درامیان وەرگرتووە. دراما شیعرییەکانی خۆی لە سێ درامـادا دەبینێتەوە، ئەوانیش (کـاوەی ئاسنگەر ١٩٦٩-١٩٧١، دیوارو دەنگی خوێن ١٩٧٠، ئاسک ١٩٧٨)ن .

شێرکۆ بێکەس لە بارەی درامای کاوەی ئاسنگەر دەڵێت: ((کاوەی ئاسنگەر ئەفسانەیەکی کوردییە کە ململانێی نێوان ڕووناکی و تاریکی پیشاندەدات. لەم شانۆنامەیەدا چوارچێوە تەنها فۆلکلۆرێکە، بەڵام من بە ئەزمــوونێکی تەواو ســەرکەوتووی نــازانم، ئەم بەرهەمە بەرەنجــامی یەکەمـین هەوڵەکـانی مـن بـوو لە زەمینـەی دروسـتکردنی شـانۆنامەی شیعری کوردیدا. لەم بەرهەمەدا جوڵانەوەکان و بزوتنەوەکانی ناوەوەی شانۆنامەکە شیعری پێشەنگ دەکوژێت و ئەمەش لاوازییەکە کە لەکاری دووەمــــدا کەم ڕەنگتــــر بۆتەوە))(عــــومەر، ٢٠٠٥، ٢٨٤). لەگەڵ ئەو کەموکورتییــانەی شــاعیر باســی دەکــات، بەڵام هەوڵێکــی جــدی و ئەزموونێکی نوێ بوون بۆ نووسینی دراما لەو قۆناغەدا.

## تەوەری سێیەم// تەکنیک و ڕەگەزەکانی درامای شیعری لای شێرکۆ بێکەس:

**١-ڕووداو:** بە یەکێک لە ڕەگەزە سـەرەکییەکانی درامـا دادەنرێت و قورسایی تەکنیکەکانی تری درامـا لە ڕووداودا چڕ دەبێتەوە، لەهەمـان کاتدا کـارەکتەر و ململانێکانی نێوانیـان شـوێنپێی گۆڕانی ڕووداوەکـان دەکەون، چـونکە ئەگەر لە دەقێکـدا ڕووداوێـک یـان زیـاتر هەبـوو ئەوا ((پێویسـت بەوە دەکـات کە کەسـایەتی هەبـێ بـۆ جێبەجێکـردن و ڕۆڵ گێڕانیـــان لە وازیکـــردن و ئەنجامـــدانی ڕووداوەکـــان. کە ڕووداو و کەسـایەتیت هەبـوو، ئەوە پێویسـت دەکـات شوێنیشـت هەبـێ کـارەکەی لەســـەر ئەنجـــام بـــدەی، کە ئەو ســـێ ڕەگەزەشـــت هەبـــوو، ئەوا بە

شێوەیەکی پێویست کات خۆی ڕەپێش دەکات و هەموویان لە ماوەیەکی دیـارکراو کۆدەکـاتەوە))(عەلی، ٢٠٠٧، ٦٢). کەواتە ڕووداو ئـامرازێکی گـرنگە لە کـۆکردنەوە و گونجانـدنی ڕەگەزەکـانی نێـو دەقـی درامـا. (شـوکریە ڕسـوڵ) بەو شـێوەیە پێناسـەی ڕووداو دەکـات ((بـریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شـوێنەی تێیدا دێن و دەچن))(ڕسـول، ١٩٨٩، ١٥١). بەو واتایەی ڕووداوەکان زنجیرەیەک گۆڕانکارین بە سەر کەسایەتی و کـارەکتەری نێـو درامـادا دێـن و چیـرۆک و بەسـەرهاتی دراماکە لە قۆنـاغێکەوە بـۆ قۆنـاغێکی تـر پەلکـێش دەکەن، بەمەش ڕەوتـی ڕووداوەکـان بەردەوام دەبێـت، تـا لە کۆتاییـدا بەرەو لـوتکە دەچـن و کۆتاییان پێ دێت. ئەرستۆ یەکەمین کەسە لە کتێبی هونەری شیعردا بە وردی باسـی لە ڕووداو کـردووە و بە گرنگتـرین ڕەگەزی درامـای دادەنێـت، چـونکە پێـی وایە تراژیـدیا لاسـاییکردنەوەی کەسـەکان نیـیە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کار و کردەوەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، لەبەرئەوە کـارەکتەر و کەسـێتییەکان لە پێنـاو ڕووداودا بەگەڕدەخـرێن، هەر لەبەر ئەوەشـە لە دەرخسـتنی گرنگـی ڕووداودا دەڵێـت (ڕووداو نەک تەنهـا کەرەسەی سەرەکییە لە درامادا بەڵکو ڕووحی درامایە)(ڕشدی، ٢٠٠٠، ١٣). هەروەهـا بـاس لەوەش دەکـات کەوا پێویسـتە چنـین و ڕێکخسـتنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی ڕیکبخرێن و پێویسـتە سـەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بەڕوونی دیار بێت، لەبەرئەوە ڕووداو زنجیرەیەک گۆڕانکارییە لە دەستپێکەوە بۆ کۆتایی .

مێـژووی نووسـینی درامـای کـوردی قۆنـاغێکی درێـژ بڕناکـات، بەڵام لەهەمـان کاتدا شـاعیرانمان توانیویـانە لە ئەزمـوونی داهێنەرانەی خۆیـان سـوود لە سـەرچاوەگەلی جیـاواز وەربگـرن و بـیکەنە هەوێنـی دراماکانیـان. شــێرکۆ بێکەســیش بە پێــی ئەو قۆنــاغە مێــژووییەی

بەرهەمەکانی تێدا نووسیون، توانیویەتی سود لە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی وەربگرێت و بیکاتە کەرەسەیەکی بەهێز بۆ دارشتنی دراما شیعری و شیعرە درامییەکانی .

ڕووداو لە دراما شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بە جۆرێک یەکیەتی بابەت و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک ڕیزکراون. شێرکۆ لە دراماکانیدا ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی ڕێکخستووە، خۆی بە دوور گرتووە لە باسکردنی لابەلا و هەر باسێک کەوا دووری بخاتەوە لە کرۆکی باسەکە.

کاوەی ئاسنگەر پێکدێت لە ٩ تابلۆ، ڕووداوەکانی باس لە ڕووداوێکی مێژوویی و ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاک دەکات، کەوا چۆن گەلی کورد کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی خوێنخۆری ئەژدەهاکەوە، هەر بۆیە کاوە و هاوڕێیەکانی هەوڵدەدەن بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی و ستەمی ئەژدەهاک. شێرکۆ ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە دووتوێی تابلۆکانەوە خستۆتە ڕوو. تابلۆی یەکەم پیشاندانی ستەمی ئەژدەهاک و ناشتنی قوربانییەکانی ستەمی ئەژدەهاکە، ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان (زێمری و زاماوا) دەردەکەوێت، کە خەریکی هەڵکەندنی گۆڕ و ناشتنی قوربانییەکانن.

**زێمری : باشە تاکەی ئەم بەڵایە**
**مۆتەکەی ڕەشی سەر سنگ بێ ؟**
**زاماوا: لە مانگ بپرسە!**
**بۆ بێ دەنگ بێ**
**لەبەرچی نایەتە قسە؟...** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣٥)

لێرەدا زێمری و زاماوا دوو گۆڕهەڵکەنی ئەژدەهاکن و بێزارن لەو دۆخەی ساڵەهایە بە دەستییەوە گرفتارن، بۆ ئەمەش ڕوو لە خواوەندەکان و مانگ دەکەن کەوا تاکەی بێدەنگ دەبن لە ئاست ستەم

و دەســەڵاتی ئەژدەهــاک. دیمەنــی گۆڕســتان تــابلۆی یەکەم و دووەم دەخایەنێت، تێیدا گفتوگۆی زێمری و زامـاوا بەردەوامـی دەبێت لەگەڵ گفتوگۆی نێوان قوربانییەکان و مردووەکانی گۆڕستان .

شاعیر زۆر بە لێهاتوویی دەنگی کاوە و کارەکتەری کاوە دەهێنێتە پێشەوە. ئەوەش کاتێک دەبێت کەوا (کاڕون، مادیا، کاردوخ) بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن، لەو پەڕی بێزاری و نائومێدیـدان بەرامـبەر ئەژدەهـاک، لەو کاتەدا کاوە لەنزیک ئەوانەوە بە بێدەنگی دانیشتووە، دواتر ڕووی گفتوگۆ دەکەنە کاوە، کاوە بێدەنگی دەشکێنێت و بەو شێوەیە دێتە قسە:

**قسەی دڵم بۆ یەکێکە**
**کڵپەی ئاگری هەردوو چاوی**
**تاریکی ڕووناک ناکاتەوە**
**ترسنۆکی بسووتێنێ**
**نەنگی ناوچەوانی پێشووی**
**بە خوێنی خۆی بشواتەوە** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٦٨)

لێرەدا دەرکەوتنـی کـاوە، دەرکەوتنـی هێـز و گـوڕ و بـاوەڕە بـۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و پێشکەوتنی کردارەکان لە هزر و بۆچوونەوە بـۆ کـردار و ڕاپەڕیــن. ئەوەی پێویســتە لە ڕووداودا هەبێـت، ئەوەیە سـەرەتا و ناوەڕاست و کۆتـایی دیـار بێت، شـێرکۆ زۆر بە جوانی ئەو سـێ ئاسـتەی نیشـانداوە، ئەوەتـا لە سـەرەتای ڕووداوەکـان ئەوپەڕی بێــزاری و بــێ ئومێــدی خەڵکــی پیشــان دەدات و لە ناوەڕاســتی ڕووداوەکاندا دەگاتە هەڵچوون و بڕیار دەدەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکار، لە تـابلۆی کۆتاییشـدا بە ئامـانج دەگەن. شـاعیر بەو شـێوەیە کۆتایی دەقەکەی نەخشاندووە و دەڵێت:

**بە لاشەی کوردی قوربانی،**
**بە خۆری بیر، وا زستانی**

**تەنگ و تارمان کرد بە بەهار** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ١١٠)

لێرەدا ئەو وێنەیە دەردەخات، کەوا چۆن بە قوربانی دان و بە بیرکردنەوەی ورد توانییان بەسەر زوڵم و زۆرداری ئەژدەهاک و ئەو دۆخە ناهەموارەی تێیدا بوون، دەرباز ببن. ئەم پەیڤانەش کاتێک دەردەبڕێت کەوا خۆی و هاوڕێیەکانی لەسەر شوێنی نمایش بەرامبەر بە بینەران دەوەستن، بەمەش ڕۆڵی بینەر هاوتای خوێنەر دەردەکەوێت، بەوەی هەست بە چێژ و خۆشی سەرکەوتن دەکەن.

درامای (دیوار و دەنگی خوێن) باس لە سێ بەندکراو دەکات، هەر یەکەیان لە ژورێکدا بەند کراون و سێ پاسەوان بەدیاریانەوەن. ئەو بەندییانە هەوڵی ئازاد بوون دەدەن، بەڵام پاسەوانەکان بە شێوەیەکی توند سزایان دەدەن، بۆ ئەمەش سێ بەندییەکە لە دیواری نێوانییانەوە بەردەوام لە پەیوەندییەکی ڕوحی و گفتوگۆدان.

بەندی یەکەم بەو شێوەیە دەکەوێتە قسە و دەڵێت :

**چیرۆکی من.. لەگەڵ چیرۆکی زەمینا**
**لەگەڵ پشکووتنی چاوی ساوای ژینا**
**لەگەڵ گرمەی ژانی هەورا**
**لەگەڵ مژدەی،**
**تۆف و ڕەهێڵەی بارینا**
**لەگەڵ یەکەم چاوترووکەی،**
**وەرزی ناسۆر و ئازارا**
**لەگەڵ شاڵاوی ئاگرا**
**لەگەڵ لورەی ڕەشەبادا،**
**دەس پێ ئەکا.** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٤٧)

ڕووداوەکان لە نێو چواردیواری بەندیخانە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت. دوو بەندییەکەی تر دەیانەوێت بخەون و خۆیان

کەڕ بکەن لە ئاست ڕووداوەکان، هەر بۆیە لە سەرەتای ڕووداوەکان بێ ئومێدی و ڕەشبینی بەسەر بەندییەکاندا زاڵە و لە کۆتاییدا بە هۆی گوڕ و تینی بەندیی یەکەم، ئەوانیش دەکەونە جوڵە و بەمەش خۆیان لە کۆتی زنجیر و سەختی دیوارەکان ڕزگار دەکەن. لە کۆتاییدا بەندیی سێیەم بەو جۆرە دەکەوێتە قسە و دەڵێت :

**دەنگ دێ.. دەنگ دێ.. دەنگی خوێنە**
**دەنگی کەللەی بت پژێنە..**
**لای من داری زڕی هەزار ساڵە**
**ژیایەوە..**
**لای منەوە زەردەشت دیسان**
**جارێکیتر هەڵسایەوە..**
**لای منەوە بوو بە باران!.**
**بارانی ژین.** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٧٠-٣٧١)

لێرەدا باس لەوەیە دەنگی ڕاپەڕین دێت، دەنگی کوشتن و بەزینی خوێن خۆرانی گەلی کوردە، ئەم ڕاپەڕینەش دەبێتە کۆتایی بەندییەکان و ئازادبوونیان لە بەندیخانە و کۆتایی ڕووداوەکان و کۆتایی دراماکە. هەروەک لە کۆتایی دراما شیعرییەکەدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت ((**هەرسێ یاساوڵەکە.. بەپەلە پروزێ دەرباز ئەبن، بەندەکان دیوارەکان ئەڕوخێنن هەرسێکیان باوەشی یەکگرتنەوە بەیەکدا ئەکەنەوە، لەم کاتەدا خۆر هەڵدێت.**))(بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٧١).

شێرکۆ لە درامای (ئاسک)دا سوودی لە لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردی وەرگرتووە و کردوویەتییە بنەمای سەرەکی ڕووداوەکان و سەرجەم ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە خزمەت ئەودا بەکارهاتوون، هەروەک دەڵێت ((لەم شانۆنامەیدا، ئاسک، خودی خۆمە، ئاسکێک لە گابەردی کێوێکدا گرفتار دەبێت. بەڵام ئاسکەکە بۆ ئەو

گوندنشینانەی کە لەو گوندەی دامێنی کێوەکەدا دەژین، پیرۆزە و ئەگەر بمرێت خەڵکی دووچاری کارەساتێ دەبن، پاشان هەوڵدەدەن ئاسکەکە ڕزگار بکەن و تەوەری شانۆنامەکە هەر ئەم هەوڵەیە، یەکێ لە گوندشینەکان بۆ ڕزگارکردنی ئاسکەکە خۆی بە کوشت دەدات، بەڵام ئاسکەکە ڕزگاری نابێت و هەوڵی بەردەوامە، شانۆنامەکە کۆتاییەکی یەکجارەکی نییە))(عومەر، ٢٠٠١، ٢٨٥). سەرەتای ڕووداوەکان و نمایشکردنی دیمەنەکانی ناو گوند بە مۆنۆلۆگی (پیرۆت)ی کوڕە شوان دەست پێدەکات:

**پیرۆت : چوارساڵ .. چوار ساڵ چۆن تەواو بێ؟!**
**ئەی کێ ئەڵێ تەواویش بێ..**
**ئەو ئەمداتێ**
**ئەی کێ ناڵێ هەموو ڕەنجم بە با نادا**
**ئەی کێ ناڵێ ..؟!** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٦)

لێرەدا شاعیر هەر لەسەرەتاوە بەو مەرجەمان ئاشنا دەکات کەوا کوێخای گوند بۆ ئەوەی کچەکەی بدات بە (پیرۆت) مەرجی ئەوەی بۆ داناوە کەوا حەوت ساڵ شوانی بۆ بکات، ئینجا کچەکەی پێدەدات، هەر بۆیە ئەویش لە پێناو خۆشەویستی (خاوەر)دا بە هەموو مەرجێک ڕازی بووە.

یەکێک لەو نەریتانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەبووە و نووسەر بە شێوازێکی هونەری و تێکەڵ بە ئەندێشە و هزری خۆی کردووە لە سازاندنی ڕووداوەکانی نێو دراماکەیدا، ئەویش بە پیرۆزکردنی هەندێ شتی خورافی بووە کەوا پێیان وابووە ئەو شتە موبارەکە و لە لایەن خواوە بۆیان هاتووە، هەروەک گۆڕی پیاو چاکێک یان هەندێک شتی ماددی یان گیانەوەرێک. جا لێرەدا نووسەر لە دراماکەیدا (ئاسکە موبارەک) دەهێنێتە نێو ڕووداوەکان کە خەڵکی

گوندی بە پیرۆز و موبارەکی دادەنێن و پێیان وایە سەرچاوەی خێر و خۆشی گوندەکەیە، بۆیە گەورە و بچوک خزمەتی دەکەن و قوربانی بۆ دەکەن. هەروەک (مام وسوو) لە بەیتی ئاسکە موبارەکدا دەڵێت:

**وسوو: بۆ بەیتی ئاسک، ئاسکە موبارەک.. گوێ بکەن بە دڵ**
**دڵ بکەن بە گوێ ، ئاسک فریشتەی لای خواوەندە**
**لە ئاسمانەوە هاتۆتە ناو دێ ، هەور سەریەتی**
**هەتاو ڕەنگێتی، ئەستێرە چاوی، هاژە دەنگێتی**

(شێرکۆ، ب٣، ١٣٩٩، ٢٣٤)

لێرەدا شاعیر دەیەوێ پیرۆزی ئاسکە موبارەک پیشان بدات کە چۆن وەکو فریشتەیەک بۆتە سەرچاوەی خێر و خۆشی بۆ گوندەکە و شاعیر ڕۆڵێکی گرنگ بە ئاسکە موبارەک دەبەخشێ و بە درێژایی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو دراماکە بەردەوام دەبێت، لە کۆتایی ڕووداوەکانیشدا سەرجەم ڕوودوەکان دەبەستێتەوە بە چارەنووسی ئاسکە موبارەکەوە، ئەویش چارەنووسی خۆشەویستی پیرۆت و خاوەر، چارەنووسی خەڵکی گوندە کەوا لە دەرەئەنجامی ئەندێشە و خەیاڵی درامانووسەوە سەرچاوەی گرتووە .

یەکێکی تر لەو نەریتانەی شاعیر لە هەردوو دەقی (کاوەی ئاسنگەر و ئاسک) دا ڕەنگی داوەتەوە، مەسەلەی شیربایی و ژن بەژنە. ئەم بابەتانە وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لە قۆناغەکانی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردیدا باو بوون، لە دەقی ئەدەبیشدا وەکو دیاریدەیەکی ناپەسەند و ناشیرین باسی لێوەکراوە. شاعیران و نووسەران سودیان لێوەرگرتوون لە پەیکەربەندی دەقەکانیاندا. لە درامای (ئاسک) دا چونکە (پیرۆت) خوشکی نەبوون، بۆیە ناچار بووە بەو شێوەیە بە خۆشەویستەکەی بگات، ئەمەش لە چەند شوێنێک دا باس دەکات، هەروەک کاتێک (پیرۆت) و مام (وسوو) پێکەوە باسی ژن هێنانی

(پیرۆت) دەکەن ، بەو شێوەیە دەریدەخات:

**مام وسوو: ناوچەوان وای نەهێنا**

**خوا نەیکرد خوشکێکت بداتێ و،**

**تا وەکو ئەم خەڵکە تۆش بیدەی بەژنێ** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٣٢)

لێرەدا باس لە دیاریدەی ژن بەژن دەکات، کە ئەگەر ئەویش خوشکێکی هەبووایە ئەوا دەیتوانی بیدات بەژن و تووشی ئەو دۆخە قورسە نەدەبوو، لە نیوە دێڕی (تا وەکو ئەو خەڵکە بیدەی بەژنێ) بە ڕوونی دەردەکەوێت کەوا دیاریدەیەکی ناو کۆمەڵگا بووە .

کۆتایی ڕووداو لە هەر سێ درامای (کاوەی ئاسنگەر، دیوار و دەنگی خوێن، ئاسک) دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشێ هەیە و هەردووکیان پێچەوانەی یەکترن. لە درامای یەکەم و دووەمدا کۆتاییەکی داخراویان هەیە، بە سەرکەوتنی بەرەی ستەم لێکراو و مافخوراو کۆتایی دێت. بەڵام (ئاسک) کۆتاییەکی کراوەی هەیە. تابلۆی پێنجەم کۆتایی (ئاسکە موبارەک) و پیرۆت و کۆتایی خۆشییەکان و خێر و بەرەکەتی گوندی خەزان دەبێت، بە واتایەکی تر کۆتایی گوندی خەزان دەبێت و خەزان و پایز دەبنە چارەنووسی گوندی (خەزان). بەوەی (ئاسکە موبارەک) یاخی دەبێت و دەچێتە سەر کێوێکی سەخت و گەڕانەوەی ئەستەم دەبێت، بەمەش هەموو خەڵکی گوندی دەکەونە پەرێشانی و دەیانەوێت ڕزگاری بکەن، تا دواجار (پیرۆت) خۆی و ئەشقەکەی دەکاتە قوربانی و بەرەو ڕزگاری کردنی هەنگاو دەنێت، بەڵام لێرەدا شاعیر دەوەستێت و کۆتایی بە ڕووداوەکان دەهێنێت. بەمەش چارەنووسی (پیرۆت) و خۆشەویستەکەی و ئاسکە موبارەک و خەڵکی گوند بە کراوەیی بە جێ دەهێڵێت و بینەر و خوێنەر خۆیان سەرپشک دەبن لەوەی چ خوێندنەوەیەک بۆ کۆتایی دەق دەکەن. ئەم ڕووداوانەش لە کۆتایی کۆپلەی پێنجەم لە وتەکانی دەرهێنەرەوە دەردەکەوێت، کاتێک دێتە سەر

شانۆ و بەو شێوەیە دێتە گۆ و دەڵێت :

**میوانە خۆشەویستەکان،**
**ئا بەم جۆرە .. شانۆگەریی**
**"ئاسک" تان دی و، ئا بەو جۆرەش**
**کۆتایی هات..**
**منیش وەک ئێوە نازانم**
**پیرۆت ئاسکە موبارەکی ..بۆ داگیرا؟**
**گەڕایەوە ؟ چی بەسەرهات؟**
**لەگەڵ خاوەر بەیەکتری شاد بوونەوە؟**
**یاخود لە ملەی بەرزەوە**
**بەرەو خەرەند، هەڵدێرا و کەوتە خوارەوە؟**

(بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣١٦)

٢ **-کارەکتەر** : کارەکتەر یان کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نێو دراما، ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە بونیاتنانی دەقی درامادا، بریتییە لەو (کەسە خەیاڵی و واقیعییانەی کەوا ڕووداو و بابەتی دراما لە چوارچێوەی ئەواندا دەسوڕێتەوە)(وهبة، ١٩٧٤، ٦٥). کەواتە ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن لە چوارچێوەی کارەکتەردا دەسوڕێنەوە، بەمەش پێگەی کارەکتەر لە بنیاتی درامادا دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر کارەکتەرێک نەبێت ڕۆڵی جێبەجێکردن و جوڵەی کردارەکان ببینێت ئەوا دراماکە بە ناتەواوی دێتە بوون یان هەر نابێت، بەواتایەکی تر ((ئەکتەر هەڵسوڕێنەری درامایە و دەیگەیەنێت بە مەنزڵ)) (حسين، ٢٠١٢، ٢٥) لەبەرئەوە ((بوونی کارەکتەر تایبەتمەندییەکی هەر گرنگی درامایە و جیاکەرەوەیەتی لە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی دی. یەکێک لەو حەقیقەتانەی لە هونەری نووسینی درامادا جێگیرە ئەوەیە، کە زۆرینەی ئەو درامایانەی ناوبانگی زۆریان

لە گشت سەردەمێکدا بەدەستهێناوە ئەوانەیە، کە تایبەتن لە خوڵقاندنی کارەکتەری درامیدا بەشێوەیەکی جوان و سەرنجبەر، کە زیندوویێتی پڕۆسەی خوڵقاندن و نهێنی هێز و مەزنی نەمری ئەو دەقانەیە))(سالار، ٢٠٠٩، ٦٠). ئەگەرچی لە درامای کۆندا، کارەکتەر پێگەیەکی بەرزی نەبوو، هاوشێوەی ڕەگەزەکانی تر.

ئەم بۆچوونە لە قۆناغەکانی تردا گۆڕانی بەسەردا هات، لە ڕەهەندی جیاوازەوە باسیان لە کارەکتەر دەکرد. (لاجوس ایگری) لە کتێبی (فن کتابة المسرحية) ڕۆڵی کارەکتەر لە بنیاتنانی دەقی درامیدا بەرز دەکاتەوە و پێی وایە (کارەکتەر ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی دەقی درامیدا هەروەها لە داڕشتنی کارەکتەردا پێویستە لایەنی فسیۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی (جەستەیی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) کەسەکان لەبەرچاو بگیرێت، بەمەش پێویستە لەو سێ ڕەهەندەوە کەسایەتی کارەکتەرەکان دیاربکرێت، هەربۆیە پێی وایە کارەکتەرەکان ئەو کەسانەن کەوا ڕووداوەکانی دراماکە بەپێی ئەو ڕەهەندانەی لەلایەن نووسەرەوە دیارکراون، ئاڕاستە دەکەن)(ایگری، ١٩٩٨، ١٠٠-١٠١).

پڕۆسەی سازاندنی کارەکتەر پڕۆسەیەکی سانا نییە و پێویستی بە شارەزاییەکی قوڵ و ئەزموونێکی فراوانی نووسەر هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە کارەکتەرەکانی کەسایەتییەکی زیندوو و واقیعی بسازێنێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا ((ئەو کەسێتییە کەسێتییەکی کارتۆنی و ئامێر ئاسا ئەبێت و لە سەرەتاوە تا کۆتایی شانۆنامەکە خاوەنی یەک جۆر کەسێتی دەبێت و هیچ گۆڕان و ڕووداوێکی سەردەمییانە کاری لێ ناکات)) (عەبدولقادر، ٢٠١٣، ١١٦).

لەم ڕوانگەیەوە لە درامای کوردیدا هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە لە ئەدەبی کوردیدا نووسەران و شاعیران هەوڵیان داوە کەسایەتییەکان

و ئەو کارەکتەرانەی هەڵیان دەبژێرن بۆ دراماکانیان ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ... گەلی کورد بن، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامێکی نەتەوەیی بگەیەنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کارەکتەر ((ئامرازی گەیاندنی درامایە و ئەو پردەیە، کە بیری نووسەر بەسەریدا دەپەڕێتەوە و دەگاتە بینەر))(حسین، ٢٠١٢، ٢٥). ئەگەرچی بە پێی گۆڕانی قۆناغەکانی گەشەسەندنی درامای کوردی هەڵبژاردنی کارەکتەر لە دیدی شاعیران و نووسەرانی دراماوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەگەر لە قۆناغەکانی سەرەتادا بەشێوەیەکی سادە و ساکار بووبێت، ئەوا لە قۆناغەکانی دواتردا شێوەیەکی پەرەسەندووی وەرگرتووە .

شێرکۆ بێکەس لە هەردوو درامای (کاوەی ئاسنگەر و ئاسک) دا بە شێوەیەکی هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ هەڵبژاردنی کارەکتەرەکانی کردووە، چونکە سەرجەم کارەکتەرەکانی هەڵقوڵاوی بابەتە کۆمەڵایەتی ومێژوویی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردییە. هەروەها لە پێشەکی هەردوو دراماکەدا کارەکتەرەکانی ناساندووە، ئەمەش خوێنەر بە کارەکتەرەکان ئاشنا دەکات لە کاتی خوێندنەوەدا. لە درامای (کاوەی ئاسنگەر)دا، کارەکتەرەکانی بە جۆرێک بەکارهێناوە کەوا ڕەنگدەرەوەی واقیع و خوڕەوشتی مرۆڤ بن، بۆ نمونە؛ کاتێک کاوە دەیەوێت هێز و گوڕ بداتە بەر هەر یەک لە (کاردا و و مادیا و کاردوخ) بۆ ئەوەی بزانن چەند بەهێزن و گەورەیی خۆیان دەربخات بەو جۆرە وەسفی ئیشەکەی خۆی و ئەوان دەکات:

**کاوە : هەموو ڕۆژێ من ئاسنی،**
**ڕەق و پتەو ئەشکێنمەوە**
**ئەیکەم بە ئاو ئەیتوێنمەوە**
ڕوو ئەکاتە کاردوخ و دەڵێ:

**تۆش بەرداشی ئاش ئەگێڕی**
**ئارەق تێكەڵ بە جۆ ئەكەی**
**بە ماندوویێتی ژین ئەوێری** (بێكەس، ب٣، ١٣٩٩، ٧٦)

لێـرەدا شـاعیر لە ڕێـی دەنگـی كـاوەوە ئیشـی هەر یەک لەو كـارەكتەرانە بـاس دەكـات، كەوا هەر ئەو ئیشـە هێـز و گوڕیـان پێدەبەخشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەژدەهاک و پێویستییان بە هێزی دەرەكی نییە، بەمەش ئیشی هەر یەكەیان دەردەخات؛ كاوە ئاسنگەرە و كاردوخ ئاشەوان و كارون شوان و كاردا و مادیا جووتیارن، هەر یەک لەو ئیشانەش سەرچاوەی هێزی بازوون. لە هەمانكاتیشدا لە سەرەتا و پێشەكی دراماكەدا هەریەک لە كارەكتەرەكانی ناساندووە، ئەمەش ڕێگە خۆشكەرە بۆ خوێنەر هەریەكەیان لە دراماكەدا پێش وەختە بناسێت. لە لایەكی ترەوە كەسایەتی كاوە لە زەینی ئێمەدا لەوە دەرچووە تەنها كارەكتەرێک بێت، بەڵكو بووەتە ڕەمزی ئازایەتی و بەرخۆدان، ئەمەش لە بەهێزی كەسایەتی كاوەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەک كاتێک (كاردا و كارون و كاروخ) باسی بێزاری و مەینەتی خۆیان دەكەن، كاوە لە نزیكیانە و بێدەنگە، ئەوانیش بەو شێوەیە باسی كاوە دەكەن:

**كاردا: كاوە بەردە دەنگی نایە**
**كارون: وای تێ مەگەن،**
**لە دڵا زیت و وریایە** (بێكەس، ب٣، ١٣٩٩، ٦٦)

لێرەدا ئەوە پیشـان دەدات كەوا گوتـار و كردارەكـانی كـاوە جێـی سەرنجن و وەک ئەوانی تر تەنها قسە ناكات، بەڵكو كەسێكە ئەگەرچی لە ناخـدا سـووتابێت، بەڵام لە دەروونـدا كە سـێكی وریـایە، ئەمەش لە زۆر دیمەن و ڕەفتار و گوفتاری كاوەدا ڕەنگ دەدەنەوە .

كـارەكتەر و كەسـایەتییەكانی نێـو درامـای (ئاسـک)یش بەهەمـان شـێوە هەڵبـژاردەی نێـو كۆمەڵگـای كـوردی و هەریەكەیـان لە ئاسـتێكی

کـۆمەڵایەتی جیـاوازن. بـۆ نمـونە کوێخـای گونـد لە ئاسـتێکی بەرزی کۆمەڵایەتییە و کوێخای گوندە، مام وسوو باخەوانە و کەسێکی دنیا دیـدە و کوێخـا و خەڵکـی گونـد لە قسـەی ئەودان. شـاعیر هەر لە سەرەتای دراماکەیدا کارەکتەرەکانی ناساندووە.

بۆ نمونە لە وەسفی چاوچنۆکی و نەگریسی کوێخادا دەڵێت:

**هەر چەندە نەگریسەو.. چاوچنۆک**

**شتی وا چۆن ئەکا ...** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٣١)

لێـرەدا چـاوچنۆکی کوێخـا لەوەدا دەردەکەوێـت، هەر شـتێک یـا بەرهەمێک لە گوندەکەدا هەبێت، دەبێت بەشی ئەوی لێبدرێت، لێرەدا شاعیر ڕاستگۆیانە توانیویەتی کەسایەتی ڕاستەقینەی کوێخای گوند پیشان بدات، هەروەک چۆن لە واقیعدا بوونی هەیە،

زۆر جار شاعیر لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان پیشان دەدات، هەڵچوون و ڕوژاندنەکانیان بەشێوەیەکی هونەری دەخاتە ڕوو. بۆ نمـونە کاتێـک ئەژدەهـاک ڕووبەڕووی تارمـایی مەرگ دەبێـتەوە، لە کۆتاییـدا کە گرفتـار دەبێـت، تووشـی شـڵەژان و دۆخێکـی دەروونـی ناخۆش دەبێت و هەموو سامان و تاجی پاشایی و ژنەکەی و هەمووی دەبەخشێت لە پێناو بەدەست هێنانی نەمریدا، هەروەک دەڵێت :

ئەژدەهاک (بەشپرزەییەوە)

**نابێ بمرم.. ئەژدەهاکم**

**نابێ بمرم... نابێ بمرم!** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٩٣)

لێرەدا دووبـارەکردنەوەی سـێ جـار دەسـتەواژەی (نـابێ بمـرم) ئاماژەیە بۆ شڵەژانی ئەژدەهاک.

هەروەها لە درامای ئاسکدا کاتێک ئاسکە موبارەک دەچێتە سـەر ئەو کێـوە سـەختە، پیـرۆت دەکەوێـتە دۆخێکـی دەروونـی سـەخت و دژوارەوە و نازانێت بێ ئاسکە موبارەک چۆن هەڵکات، هەر بۆیە لەبەر

خۆیەوە دەڵێت:

**كە ئاسک هەڵدێرا بۆ خەرەند**

**چۆن پەنجە،**

**ئەتوانێ شمشاڵت بۆ بگرێ و ،**

**كڵاوت چۆن قنجە ؟!** (بێكەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣٠٠)

لە درامای (دیوار و دەنگی خوێن)دا بە پێچەوانەی دراماكانی تر كارەكتەرەكان ناناسێنێت، بەڵكو لە نێو دەقەكەدا كارەكتەرەكان دەردەكەون. بۆ نموونە بەندیی یەكەم بەو جۆرە باسی ئەو دوو بەندییە دەكات كە خەوتن و ویستیان خۆیان بێدەنگ بكەن، دەڵێت :

**دەنگیان لەناو خەوا خنكا**

**بیریان بە دیواری ڕەشا.. لكا**

**چرای چاویان پڕ بوو لە ئاو** (بێكەس،ب٢، ١٣٩٩، ٣٥٦)

لێرەدا شاعیر بەو شێوەیە وەسفی ئەو دوو كارەكتەرەی تر دەكات، كەوا چۆن دەنگیان كپ و بیریان خامۆش و چاویان دادەخەن لە ئاست ستەمی دەسەڵات.

**٣- كات:** پەیوەندی كات بە مرۆڤ و دەوروبەرییەوە پەیوەندییەكی كۆنە، پەیوەندییەكە مرۆڤ ناتوانێت لێی داببڕێت. لەنێو دەقی ئەدەبیشدا بەهەمان شێوە، بەتایبەت ئەو دەقانەی گێڕانەوە تێیاندا زاڵە. بە واتایەكی تر هیچ ڕووداوێک بێ بوونی كات ڕوونادات. (ئەرستۆ) هەر لە كۆنەوە سنووری كاتی لە نێو دەقی درامیدا دیاریكردووە، بەوەی هەر درامایەک پێویستە ڕووداوەكانی لە دەوری یەک سووڕی ڕۆژدا بێت، واتە لە ماوەی یەک شەو و ڕۆژدا بێت، ئەم بۆچوونەش تاماوەیەكی زۆر باڵی بەسەر درامای ئەوروپیدا كێشابوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕەوتی دراما‌دا شێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ كات گۆڕانی بەسەردا هات، نووسەران و شاعیران بەشێوازێكی ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەگەزەكانی دراما

بەگشتی و کات بەتایبەتدا کرد.

(جیرار جینیت) پێی وایە (دەگونجێت ڕووداوێک بگێڕینەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە شوێنی ڕووداوەکە بکەین، بەڵام ئەستەمە بتوانین ئاماژە بەکاتی ڕووداو نەکەین، چونکە لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەکاتی ئێستا یان کاتی ڕابردوو یان داهاتوو ڕووداو دەگێڕینەوە، بەمەش بایەخی کات دەردەکەوێت)(زیتونی، ٢٠٠٢، ١٠٣). لێرەدا بەها و بایەخی کات لە درامادا پەیوەستە بە جوڵەی کارەکتەرەکان و گەشەی ڕووداوەکان، بەمەش کات پەیوەست دەبێت بە ڕەگەزەکانی تری نێو دراماوە، شاعیر یان نووسەر بە جۆرێک رەگەزەکان بەیەکەوە دەگونجێنێت کەوا تەواوکەری یەکتر بن. لە هەمان کاتدا کات لە دۆخێکی چەسپاودا نییە بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی نووسەردایە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بە شێوەی هێڵێکی ئاسۆیی لە نێوان ڕابردوو – ئێستا – داهاتوو ، جوڵە دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی کات لە درامادا کاتی ئێستایە، چونکە دیمەنەکانی دراما لە کاتی ئێستاییدا نمایش دەکرێن، لە هەمان کاتیشدا لە کاتی ئێستادا ((مرۆڤ، لە ئاگایی دایە، بەم واتایە کاتی ئێستا کاتی چەقە))(عەبدوڵڵا،٢٠٠٨، ٥٨). لێرەدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو شارەزایی نووسەر دەردەخات لەوەی چ تەکنیکێک بەکاردەهێنت لە هێنانی زەمەنی ڕابردوو بۆ زەمەنی ئێستای قسەکردن .

شێرکۆ بێکەس بە شێوەیەکی گشتی لە دراما شیعرییەکانیدا بە شێوەیەکی جیاواز ڕەگەزی کاتی تەوزیف کردووە. کاتی ڕووداو و کاتی نمایش کردن دوو کاتی جیاوازن، لە درامای (کاوەی ئاسنگەر)دا لە پێشەکی دراماکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ((کات : ٦٠٠٠ساڵ پێش میلاد))(بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣١). ئەم کاتە کاتی ڕووداوە، بەڵام کاتێک دەست دەکات بە نمایش کردن و بەسەرهاتەکانی ناو گێڕانەوەکەی

جیاوازە و بە کاتی ئێستا دەست پێدەکات، ئەویش کاتی نیوەشەوە و (زێمری و زاماوا)ی گۆڕهەڵکەن، خەریکی گۆڕهەڵکەندن تا قوربانییەکانی ئەژدەهاکی تێدا بنێژن، سەرەتا بە دەنگی زێمری دەست پێدەکات:

**زێمری: تریفەی مانگ، زەردەخەنەی،**
**لێوی وشکی پڕ لە تەوسە**
**پێڵوی قورسی پڕ وەنەوزە**
**تەماشای کەی...**
**هەر بەڕەنگی زەردیا دیارە**
**ئەڵێی مردووی سەد ساڵەیە !** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣٤)

لێرەدا ئەگەرچی لەسەرەتای دەستپێکی دراماکەدا شاعیر ئاماژەی بە کات و شوێنەکە کردووە، بەڵام هەر لە گفتوگۆکانی نێوانیان تێدەگەی کەوا کات نیوەشەوە، چونکە عادەتەن مانگ لەشەوێکی ساماڵ و بێ هەوردا بە جوانی دەردەکەوێت، تا بتوانی بەو شێوەیە وەسفی بکەیت. دواتر لە نیوە دێڕێکی تردا زاماوا دەڵێت:

**زاماوا: نیوەشەوە، چەندمان هەڵکەن ؟**

**زێمری: هەر تەنها دەن.** (بێکەس، ب ٣، ١٣٩٩، ٤٢)

لە درامای (دیوار و دەنگی خوێن) کاتی فیزیکی دراماکە شەوە، لێرەوە بە تێپەڕبوونی ڕووداو و جوڵەی کارەکتەرەکان کات بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێت، واتە لەو ماوەیەی ململانێی بەندییەکان و پاسەوانەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت، لە کۆتایی دراماکەدا خۆر هەڵدێت. واتە بەشێوەیەکی گشتی کات لە شەوەوە تا بەرەبەیان دەخایەنێت . شاعیر هەر خۆی ئاماژە بەکاتەکان و دیمەنەکان دەکات و دەنووسێت ((**دیمەن: جێگای بەندیخانەیە، کات شەوە،...**))(بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٤٧). کات کاتی خەوتنە، بۆیە هەموو دەربڕین و دیالۆگەکان باسی خەوتنە،

هەروەک بەندیی یەکەم دەڵێت :

**مەنوونەوە، ئاوی سارد بکەن بەخەودا**

**چقڵ بکەن بەگلێنەی زەرووی شەودا** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٥٩)

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات نەخەونەوە و ئاوی سارد بکەن بە دەموچاویاندا، بۆ ئەوەی خەو لە چاویان بتۆرێ. ئەمەش بۆ ئەوەی بەرگەی سەختی شەو بگرن و بێدار ببنەوە و هۆشیار بن.

لە درامای (ئاسک)دا بە شێوەیەکی جیاواز لە دەستپێکی دراماکەیدا بە حیکایەت خوان دەست پێدەکات و سودی لە تەکنیکی گێڕانەوەی حیکایەتی فۆلکلۆی وەرگرتووە و بە (هەبوو نەبوو) دەست دەکات بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە هەمان کاتدا کاتی ڕووداوەکان کاتێکی ڕابردووە و شاعیر بە فلاش باک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان و ڕووداوەکان دەهێنێتە ئێستای گێڕانەوە، بۆ نموونە حیکایەت خوان بەو شێوە دەست پێدەکات:

**حیکایەتخوان: هەبوو .. نەبوو.. دێر زەمانێ**

**کاتێ باپیرە گەورەمان**

**تین و تاوی بازۆکانی ئەچوون بەگژ**

**تاوێرە بەردی چیادا** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٣)

لێرەدا ئاماژە بەکاتێک دەکات کەوا لە ڕابردوودا ڕوویداوە، دواتر دەگاتە ئەوەی باسی گوندی (خەزان) بکات و بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوە:

**هەبوو.. نەبوو لەو دەمەدا**

**گوندێ هەبوو**

**پێیان ئەوت، گوندی ((خەزان))** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٥)

لێرەوە ڕووداوەکان دەست پێدەکەن و ڕووداوەکان دەهێنێتە کاتی ئێستایی گێڕانەوە و نمایش کردن. کەواتە فلاش باک ((پرۆسەیەکی

گێڕانەوەیە، تیایدا گێڕەرەوە لە ڕێڕەوی گێڕانەوەکەیدا دەوەستێت و ڕووداوێک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێستای گێڕانەوە کە پێشتر ڕوویداوە))(سەعید، ٢٠٠٩، ٩٧). شاعیر بە شێوازێکی هونەری ئەم تەکنیکەی لە دراماکەیدا تەوزیف کردووە، تەنانەت لە درامای (کاوەی ئاسنگەر)یشدا بۆ دەرخستنی دڕندەیی ئەژدەهاک و کوشتنی کوڕەکانی کاوە، پەنا بۆ تەکنیکی فلاشباک دەبات، هەروەک لە گفتوگۆی نێوان ئەو سێ مردووەی لە نیوەشەودا زیندوو دەبنەوە و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، دەر دەکەوێت.

**مردووی یەکەم: ئەمشەو نۆرەی گێڕانەوەی**
**بەسەرهات و ژیانەوەی**
**چیرۆک و ڕابردووی منە!**
**مردووی سێیەم: تا گۆڕهەڵکەن نەهاتووە**
**ئادەی بڵێ**
**بڵێ.. بڵێ ..**
**مردووی یەکەم: پێش کوشتنم . من جوتیار بووم**
**زەوی ڕەقم، ئەکرد بە ئاو**
**بازووم ئەستوور، هەرزەکار بووم**

(بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٤٨)

شاعیر لەڕێی کارەکتەری مردووی یەکەمەوە سەرگوزشتەی ژیانیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دڕندەیی ئەژدەهاک دەردەخات کە چۆن بووەتە نێچیری دەستی ئەژدەهاک و بێ بەزەییانە بوونەتە قوربانی دەستی ئەو.

لابردن یەکێکە لەو تەکنیکانەی کات کە شاعیر بۆ خێراکردنی ڕێڕەوی گێرانەوە بەکاریهێناوە، ئەویش ئەوەیە کە (گێڕەرەوە بەشێک لە ڕووداوەکان- جا ئەو ڕووداوانە کورت بن یان درێژ- لە کاتی گێڕانەوەدا

دەقرتێنێت، بە بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە چی گوزەراوە، بەڵکو لە ڕێی چەند ئاماژەیەکی زەمەنییەوە ئاماژە بە کات و شوێنی ڕووداوە لابراوەکان دەکات)(یوسف،٢٠١٥، ١٢٥). لە درامای (ئاسک) کاتێک کوێخای گوند پەیمان بە پیرۆتی شوان دەدات کە بۆ ماوەی حەوت ساڵ شوانی بۆ بکات، ئەمە تەنها لە ڕێگای گێڕانەوە و وتەکانی پیرۆتەوە پیشان دەدات، ئەمەش دوای ئەوەی سێ ساڵ بەسەر ئەو پەیمانەدا تێپەڕ دەبێت، هەر وەک پیرۆت دەڵێت:

**پیرۆت: چوار ساڵ .. چوار ساڵ.. چۆن تەواو بێ؟!**
**ئەی کێ ئەڵێ تەواویش بێ..**
**ئەو.. ئەمداتێ** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٦)

لە دواتریشدا دەڵێ:

**خوێنی ئەکەمە کاسەوە**
**چۆنی نادا؟!**
**وا جارێ سێ ساڵیم پسان**
**خوا گەورەیە.. خوا.. خوا** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٦)

لێرەدا شاعیر لە سەر زمانی پیرۆتەوە ئاماژە بەو سێ ساڵە دەکات کە تێپەڕیوە بەسەر بەڵێنی کوێخادا، بەڵام ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو سێ ساڵە ناکات و لایبردووە .

جگە لەمانە زۆرجار کات لە خزمەت دەرخستنی مێژوودا بەکارهێنراوە، شاعیر بە جۆرێک کاتی بەکارهێناوە، کە هەندێ ڕاستی مێژوویمان بۆ دەردەخات، بۆ نموونە لەگەڵ دەستپێکی گێڕانەوەی بەسەرهاتی گوندی (خەزان)، لە ڕێی حیکایەت خوانەوە بەو جۆرە وەسفی ئەو کاتە دەکات و دەڵێت:

**سەردمێ بوو... ژیان ئاوا بەرپێکانی**
**ڕۆشن نەبوون**

**پەنجەرەی بیر.. لەسەر وشە داخراو بوو**
**نسێی زانین.. بەستەڵەکی بێ هەتاو بوو**
**لەو رۆژەدا هۆشیش وەکو قوتیلەکان**
**کز ئەسووتا**
**نەی ئەتوانی تاریکایی ناو دارستان**
**ڕووناک بکا** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٤)

لێرەدا شاعیر ڕاستگۆیانە ئاماژە بەسەردەمێک دەکات کەوا سەردەمی نەزانی و ناهۆشیاری بوو، بەجۆرێک نەخوێندەواری و هەژاری و جیاوازی چینایەتی باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوریدا کێشابوو، ئەمەش بە شێوەیەکی هونەری جوان دەخاتە ڕوو. کەواتە شێرکۆ بێکەس بە شێوازێکی هونەری مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی کاتدا کردووە و تەوزیفکردن و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کات بوونەتە هۆی بەخشینی سیمایەکی هونەری بە دراما شیعرییەکانی .

٤ - **شوێن:** بیرکردنەوە لە شوێن لەنێو هەر دەقێکی ئەدەبیدا لە کۆنەوە جێگای سەرنج و بایەخی ڕەخنەگران و نووسەران بووە، چونکە ڕووداو و کێشە و گرفتەکانی ژیان لەسەر پانتاییەک ڕوودەدەن، ئەو پانتاییەش بە شێوەیەکی واقیعی دەبێتە ئەو گۆڕەپانەی کەوا کارەکتەر و ململانێکانی نێوانیان تێیدا دەگوزەرێت، (غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی (جمالية المكان)ی (غاستون باشلار)دا دەڵێت: (هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆش کرد ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسانەیەتی خۆی لە دەست دەدات)(باشلار، ١٩٨٤، ٥). لەبەر ئەوە شوێن لەنێو دەقی ئەدەبیدا بەتایبەت ئەو دەقانەی ڕووداوێک لەخۆدەگرن پێگە و بایەخێکی گرنگی هەیە .

زۆرجار دەکرێت شوێن بەرجەستەکەری بیری نووسەر بێت، چونکە نووسەر ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرێت کەوا لە زەین و هزریدا

ڕەگیان هەیە. بەمەش (شوێن دەبێتە هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیی یاخود دەبێتە هەڵگری دیدگای نووسەر)(باشلار، ١٩٨٤، ٦). ئەم هەڵبژاردنەش بەندە بە توانای نووسەر لە داهێنانی ئەدەبی و سازاندنی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا .

شوێن لە دەقی درامیدا جیاوازی زۆرە لەگەڵ دەقی ئەدەبی تردا، چونکە لە دەقی ئەدەبی تری وەک ڕۆمان یان چیرۆک فەزای وەسف فراوانترە و نووسەر دەتوانێت بە شێوەیەکی فروانتر شوێنەکان بەرجەستە بکات، هەروەها شوێن لە درامادا سنوورێکی جوگرافی بەرتەسکی هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت نووسەر لە خۆوە شوێن هەلبژێرێت، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ شوێندا بکرێت، لەم بارەیەوە (رشاد رشدی) لە کتێبی (فن کتابة المسرح)دا دەڵێت: (پێویستە نووسەر ئەو شوێنانە هەڵبژێرێت کەوا دەکرێت ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی سروشتی تێدا رووبدات و وامان لێبکات هەست بەنامۆیی نەکەین بە هەبوونی کارەکتەر لەو شوێنانەدا، لەکاتی چوونیان بۆ ئەو شوێنە یان دەرچوونیان لێی)(رشدی، ١٩٩٨، ٤٩)

لەئەدەبی کلاسیزمدا ڕووداو و شوێن و کات سێ یەکەی بنەڕەتی بوون کەوا دەبوو درامانووس پەیڕەوییان لێ بکات، پێداگرتن لەسەر ئەو سێ یەکەیە بە پێویست دەزانرا لەلایەن ڕەخنەگرانی کلاسیزم و زۆر بەتوندی دژی ئەوانە دەبوونەوە کەوا ڕچەشکێنیان تێدا دەکرد. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانسیزمەکان بەهۆی پەیدابوونی بابەتی نوێ و هزری نوێ، چیتر دراما خۆی پەیوەست نەدەکرد بە سێ یەکە بنەڕەتییەکەوە بەڵکو ئازادییەکی تەواو درا بە نووسەر بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزەکانی دراما، ئەوەتا (ستاندال) ڕای وایە: ((پەیوەست بوونی یەکەی جێگا، دەبێتە مایەی وتاری دوورو درێژ و باس گێڕانەوە))(سالار، ١٩٨٨، ١٨٢). ئەم گۆڕانکارییانەش بەشێوەیەکی

بەرچاو لە دراماکانی (شکسپیر)دا رەنگیان داوەتەوە.

لە درامای (کاوەی ئاسنگەر و ئاسک)دا شاعیر بەشێوەیەکی ورد مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی شوێندا کردووە، بە جۆرێک شوێنەکانی هەڵبژاردووە کە شوێنی واقیعیین و بەشێکن لە خاکی کوردستان، زۆرجاریش بە شێوەیەکی پەخشانی لە سەرەتای هەر دیمەنێکدا ئاماژەی بە کات و شوێن داوە، بۆ نموونە لە هەر لە تابلۆی یەکەمی کاوەی ئاسنگەردا لەیەکەم دیمەندا ئاماژە بە کات و شوێن و کارەکتەرەکان دەکات و دەنووسێت **((جێگا گۆڕستانێکە و مانگەشەوێکی خۆش، زێمری و زاماوا خەریکی گۆڕ هەڵکەندنن))**(بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣٤) . لە لایەکی تر کاتێک باس لە گوندی خەزان دەکات، بە جۆرێک وەسفی دەکات سیفەتی مرۆڤ بوونی پێدەبەخشێت، هەروەک لە ڕێگەی حیکایەت خوانەوە دەڵێت:

**هەبوو.. نەبوو لەو دەمەدا**
**گوندێ هەبوو**
**پێیان ئەوت: گوندی ((خەزان))**
**لە بناری چیایەکدا ڕاکشابوو**
**سەری لەناو نزارێکدا و،**
**قاچەکانی لەناو شەپۆلی تورەبووی،**
**چەمێکدابوو..** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٢٥)

لێرەدا شاعیر سیفەتی مرۆڤ بوونی بە گوندی خەزان بەخشیوە، ئەمەش لە ڕێی بەخشینی وێنەیەکی هونەری بە گوندەکە، کاتێک دەقەکە دەخوێنیتەوە وەک ئەوەی مرۆڤێکی ڕاکشاو بێت. بەواتایەکی تر گوندی خەزان دەکەوێتە پێدەشتی شاخێکەوە و درێژ دەبێتەوە بۆ چەمێکی بەخوڕ، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی لێکچواندن شیعرییەتی بە دەقەکە بەخشیوە. لەم بارەیەوە ت. س. ئیلیۆت دەڵێ (درامای شیعری توانای

گەیشتنی هەیە پێش ئەوەی درک بکرێت)(الزبیدي، ٢٠٠٩، ٢٠) .

لێرەوە شوێن دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لە نێوان ڕەگەزەکانی تری دراما، چونکە شوێن دەرخەری ڕووداوەکانە و بێ ئەو مامەڵەکردن لەگەڵ کات و ڕووداو کارێکی دژوار دەبێت. (حوسێن عارف) لە بارەی گرنگی کات و شوێنەوە پێی وایە ((کات و شوێن دەفرێکن – بەمانا زاراوەییەکەی- سەرجەم کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەخۆدەگرن)) (عارف، ٢٠٠٣، ٤٩) بۆ ئەمەش شاعیر هەموو زانیارییەکانی لەبارەی سەرجەم ڕەگەزەکانی تر لە دەوری گوندی خەزاندا کۆکردووەتەوە و لە خزمەت ئەودا بەکاریان دەهێنێت .

بەم پێیە لە دراماکاندا چەندین جۆری شوێنی بەکارهێناوە لە شوێنی هۆگر و ناهۆگر، شوێنی کراوە و داخراو، ...هتد. بۆ نموونە زیندان بۆ بەندییەکانی ناو درامای (دیوار و دەنگی خوێن) شوێنێکی ناهۆگرە، پاسەوانی یەکەم دەڵێت:

**بەڵام ڕووناکیی دێرینی خەوی ڕۆشتوو...**

**خۆشی بەهەشتی ڕابردوو**

**خەرمانی ناو خەیاڵی.. زوو**

**شکۆی مردوو..**

**تروسکەیەک ناخەنە ناو زیندانتەوە.** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٣٤٨)

لێرەدا باس لەوە دەکات هەموو ئەو هیوا و ئومێدەی لە ڕابردوودا هەیبووە و ئەو بەهەشتەی تێیدا بووە، تروسکاییەک ناخەنە ناو ژیانی ئێستایی و شوێنی ئێستای بۆ ڕووناک ناکەنەوە کە زیندانە هەروەها گوندی خەزان بۆ خەڵکی گوند و کارەکتەرەکانی ناو دراما شیعرییەکە شوێنێکی هۆگربوونە. لە درامای (کاوەی ئاسنگەر)دا کاتێک سێ مردووەکە لە گۆڕستان زیندوو دەبنەوە و دەکەونە گێڕانەوەی

بەسەرهاتی خۆیان، مردووی یەکەم بەو شێوەیە باس لە جێ ژووانی خۆی و دڵدارەکەی دەکات و دەڵێت :

**ئەو بەڕووەی لەوبەر دیارە**
**شوێن بینینی من و یار بوو**
**لە ژێر سایەی لق و پۆپیا**
**دائەنیشتین..**
**زستان لەلامان بەهار بوو..** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٥٠)

لێرەدا ژێر ئەو دار بەڕووە بۆ ئەو دوو دڵدارە شوێنێکی هۆگربوونە، چونکە جێگای چەندین یادگاری و گفتوگۆ و بەڵێنییان بووە و بۆتە شوێنێک بۆ ئاسودەییان و هەروەها شوێنێکی کراوەشە .

زۆرجار شوێن پەیوەست دەبێ بە دەروونی کارەکتەرەکانەوە، بە واتایەکی تر شوێن کاریگەری دەروونی لەسەر کارەکتەرەکان بە جێ دەهێڵێت، بۆ نمونە کاتێک ئاسکە موبارەک دەچێتە سەر تۆپکی ڕەوەزی قەلە ڕەش، هەموو خەڵکی گوند بۆی پەرێشان دەبن، چونکە دەزانن شوێنێکە دەربازبوونی نییە، ئەمەش بۆتە سەرچاوەی مەترسی لەسەر دەروونی خەڵکەکە، بەو واتایەی ترسیان لەو شوێنە هەیە، بۆنمونە مام وسوو دەڵێت:

**دەک کوێربم! بەتەنیا باڵندە**
**ئەتوانێ لەو جێیە قوتاربێ**
**بەتەنیا باڵندە.. ئەی داخی گرانم** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٧٢)

کەواتە شوێن کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە و دەبێتە سەرچاوەی خۆشی و ناخۆشییەکان، ترس و دڵەڕاوکێ یان خۆشی و پەیوەست بوون، چونکە کارەکتەرەکان پابەندی شوێن و پێکهاتە و جۆری شوێنەکە کاریگەری لەسەر رەفتار و دۆخی دەروونی و هەستەکانیان و جوڵەکانیان دەبێت، هەر بەو هۆیەشەوە ڕەهەندە

دەروونی و ژیاری و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەر دەردەکەوێت .

**٥- دیالۆگ :** یەکێک لە ڕەگەز و بنەما گرنگەکانی نێو دراما بریتییە لە دیالۆگ، زۆرجاریش دەگوترێت خودی دراما دیالۆگە. دیالۆگ بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان. بەم هۆیەوە کارەکتەرەکان ئەو زانیاری و بابەتانەی لە ناخیاندایە دەگوازنەوە بۆیەکتری. لەهەمانکاتیشدا دیالۆگ دەبێتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی زانیاری لە کارەکتەرەکانەوە بۆ وەرگر یان خوێنەر، لەبەرئەوە (دیالۆگ بەشێکی سادەی نێو ڕووداوەکان نییە، بەڵکو کایەیەکی گوتارییە و هەڵگری هەموو ئەو ململانێ و هەڵوێست و هزرانەیە کەوا دەق وێنای دەکات) (زیتونی، ٢٠١٧، ٦٨).

زۆرجار لە ڕێی دیالۆگەوە ئاشنا دەبین بە کەسایەتی و تایبەتمەندی کارەکتەرەکان، بەو پێیەی ((دیالۆگ لە درامادا ئامرزاێکە بۆ شیکردنەوەی کارەکتەرەکان و تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی تاک و کارەکتەرەکان))(خلیل، ٢٠١٠، ١٩٠). هەروەها دیالۆگ پردی بەیەک گەیشتنی نێوان کارەکتەرەکان خۆیان و وەرگریشە. کەواتە لە ڕێگەی دیالۆگەوە بە دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکانی نێو دراما ئاشنا دەبین، بە واتایەکی تر دیالۆگەکان دەبنە زمان حاڵی کارەکتەرەکان.

لە درامای کاوەی ئاسنگەر و ئاسکدا شێرکۆ بێکەس لە سەرەتای دراماکاندا ئاماژەی بە کارەکتەرەکان و ناساندنی کارەکتەرەکان داوە، بۆ ئەوەی خوێنەر یا بینەر هەر لەسەرەتاوە بە کارەکتەرەکان ئاشنا بن، هەروەها ناونانی کارەکتەرەکانیش تایبەتمەندی شوێنی لە خۆ دەگرن، بۆ نموونە لە درامای (ئاسک) ناوەکان کە لە گوندەکانی کوردستاندا هەبوون. ناوەکانی درامای (کاوەی ئاسنگەر) بە هەمان شێوە ناوگەلێکن کە تایبەتن بە خواوەندەکان و ئەو ناوانەی لە کۆندا

باوبوون. لە درامای (دیوار و دەنگی خوێن) ناوێکی دیارکراو و تایبەتی بۆ کارەکتەرەکان دانەناوە، بەڵکو بە پێی ژمارەی ژوورەکان جیایکردوونەتەوە، بۆ نمونە بەندیی یەکەم یان بەندیی دووەم، بەندیی سێیەم، پاسەوانی یەکەم یان ... هتد . درامای کاوەی ئاسنگەر هەر لەسەرەتاوە بە دیالۆگی زێمری و زاماوای گۆڕهەڵکەن دەست پێدەکات و دەڵێن:

**زێمری : باشە تاکەی ئەم بەڵایە**
**مۆتەکەی ڕەشی سەر سنگ بێ؟!**
**زاماوا: لە مانگ پرسە!**
**بۆ بێدەنگ بێ**
**لەبەرچی نایەتە قسە؟...** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٣٤ و ٣٥)

لێرەدا بە زمانێکی سادەی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی لە ڕێی دوو گۆڕهەڵکەنەوە دۆخی دەروونی کارەکتەرەکان پیشان دەدات بەرامبەر بە ستەمی ئەژدەهاک. لەبەرئەوە دیالۆگ ڕۆدەچێتە ناخی کارەکتەر و دۆخی دەروونییان شیدەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو وشە و دەستەواژە جیاوازانەی بەکاریان دەهێنێت دەردەکەوێت.

جگە لەمانە زۆرجار دیالۆگ دەبێتە هۆی بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان یاخود باسکردنی ئەو ڕووداوانەی لە میانەی دەقەکەدا باس نەکراون، ئەمەش یارمەتی خوێنەر یان وەرگر دەدات، بەوەی (زۆرجار خوێنەر لە میانەی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە لە ماهیەت و ناوەڕۆکی کێشەکان تێدەگەن بێ ئەوەی هەمووی بخوێننەوە)(العامري، ٢٠١١، ٥٧). کەواتە دیالۆگ ڕەوتی ڕووداوەکان و ناوەڕۆکی کێشەکان بەتەواوی دەخاتە ڕوو. لە درامای ئاسکدا کاتێک ئاسکە موبارەک دەچێتە سەر ڕەوەزی قەلەڕەش، گەورەکانی دێ دەکەونە ڕا و تەگبیر بۆ دەربازکردنی، لەولاوە (زۆراب و مامەند) دوو منداڵی گوندەکەن،

دەیانەوێت بزانن بۆ وا ئەو خەڵکە پەرێشانی ئاسکە موبارەکن و بۆچی شوێنەکەی وایە؟(باپیر) پیاوێکی بەساڵداچوو و دنیادیدەیە و باپیری منداڵەکانە و لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆ و دەڵێن:

**مەمەند: باپیرە.. تۆ دیوتە؟ تۆ چوویتە**
**سەر لوتکەی رەوەزی قەلەڕەش؟!**
**باپیر: مەمەند.. باوکەکەم**
**دوور بە دوور.. من دیومە**
**بەڵام چۆن..**
**کوڕەکەم.. هیچ کەسێ ناتوانێ بچێتە سەر لوتکەی**
**زۆر گران.. بشگەنە.. نزیکی**
**ترۆپکی رەوەزی قەلەڕەش**
**هەر باڵدار ئەتوانێ هەر باڵدار**
**زۆراب: قسەکەی پێ ئەبڕێ و ئەڵێ:**
**باپیرە .. ئەی ئاسکە موبارەک**
**چۆن چووە؟!**
**باپیر: زۆرابە.. کوڕەکەم**
**باڵندە دەچێت و دێشتەوە**
**هاتنەوە.. گرنگە.. هاتنەوە** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٧٦)

بەم شێوەیە پرسیارەکانی منداڵەکان بەردەوام دەبێت، باپیرەش وەڵامی پرسیارەکانیان دەداتەوە وباسی ئەوە دەکات کەوا بەهۆی ئەوەی وەرزی پاییز و خەزانە، دار و درەخت گەڵایان پێوە نەماوە، بۆیە دەگونجێت ئاسکە موبارەک لە ترسی ئاژەڵی درندە خۆی گەیاندبێتە سەر ئەو شوێنە سەختە، ئەم ڕووداوانەش لە ڕێی دیالۆگەوە باس دەکات، کەواتە دیالۆگ لێک نزیککردنەوەی کارەکتەرەکان و دەرخستنی پەیوەندی نێوانیان دەردەخات، هەمیش دەبێتە هۆی

دەرخستنی ئەو دۆخە دەروونییەی کارەکتەرەکان و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی تێیدایەتی، لە لایەکی تریش باسکردنی ئەو ڕووداوانەیە، کەوا لە ڕەوتی باسکردندا دواکەوتوون.

لێرەدا هەریەک لە کارەکتەرەکان بە دەوری خۆی دێتە قسە، بەمەش لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دیالۆگەکە بەردەوامی دەبێت و هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆشی دەبێت. کەواتە دیالۆگ لای شێرکۆ بێکەس ڕەگەزێکە جێگای بایەخە، شاعیر لە ڕێی دەنگی کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبات و هەر کارەکتەرێکیش خاوەن دەنگ و ناسنامەی خۆیەتی .

٦- **مۆنۆلۆگ:** مۆنۆلۆگ بریتییە لە خۆ دواندن، کردەیەکی قسەییە، لە ڕێگەی گوتن یا نووسینەوە بەرجەستە دەبێت و تایبەتە بە یەک کارەکتەر. (لطیف زیتونی)ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، یەکەم کەس کەوا باسی مۆنۆلۆگی ناوەوەی کردبێت (ئیدوارد دو جاردن)بووە، پێی وایە (گوتەیەکی نەبیستراو و نە گوتراوە کە کارەکتەرێک لە ڕێگەیەوە هزر و بیری نائاگایی خۆی دەردەبڕێت. یاخود گوتارێکە ناکەوێتە چوارچێوەی مەنتیقەوە) (زیتونی، ٢٠٠٢، ١٦٣).

لە لایەکی ترەوە ((مۆنۆلۆگ ئەو کاتە لە دایک دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگخواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٨١). لێرەوە مۆنۆلۆگ ناخی پەنگخواردووی کارەکتەر نیشان دەدات، دەرخەری باری دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرە، زۆرجاریش لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە زانیاری نەبیستراو پێشکەش دەکرێت. کەواتە ئەو کاتە ئەرکی مۆنۆلۆگ دەست پێدەکات کەوا دیالۆگ نەتوانێ بەم ئەرکە هەڵبستێ .

لە درامای (کاوەی ئاسنگەر و ئاسک)دا مۆنۆلۆگ ڕۆڵێکی دیاری

هەیە لە بەرجەستە کردنی دۆخی دەروونی کارەکتەرەکان، لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەشدا شاعیر هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەستەواژەی (لەبەرخۆیەوە ئەڵێ یان بەتەنیا لەبەرخۆیەوە) بەکاردەهێنێ، بۆ نموونە لە دراماى (کاوەی ئاسنگەر)دا، (پشتکۆ)ی هاوڕێی گوردۆ و شاگردی کاوە، کاتێک لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بە چەندین ئەزموونی جیاجیادا تێپەڕبووە، لە هەموویاندا تووشی شکست و نائومیدی بووە تا ئەوەی گەیشتووە بە کاوە و کوڕەکانی و لە لای ئەوان ئارامی و خۆشی بینیوە. دەڵێت:

**هەتا ئەژنۆ شل بوو گەڕام**
**تا سنوورێک، خەیاڵ ئەیدی**
**گەڕام.. ڕۆشتم**
**بەڵام ئەنجام.. نەگەیشتم..**
**بەو دنیایەی کە من ویستم** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ١٥١)

لە کۆتاییدا دەڵێت:

**لە خۆشەویستی ئەوانا...**
**بەهەشتم دی**
**کاوەم ناسی، گوردۆم ناسی!**
**کوردم ناسی!** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ١٥٤)

لێرەدا شاعیر لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دۆخی دەروونی و خۆشەویستی پشتکۆ بەرامبەر بە کاوە و دۆستەکانی دەردەخات. لە نمونەیەکی تردا کاتێک ئەژدەهاک لە بەرخۆیەوە دەڵێت:

**ئەژدەهاک: "لەبەرخۆیەوە"**
**کوڕم.. ئەبێ**
**ئەژدەهاکی بچووک ئەبێ**
**کوڕم ئەبێ**

**گرێی دڵی دەیانساڵەم**
**ئەکرێتەوە...**
**داری زڕم ئەژێتەوە**
**کوڕم ئەبێ**
**ئەژدەهاکی بچووک ئەبێ!** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ١٣٠)

لێرەدا شاعیر لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە لایەنی نەستی ئەژدەهاک دەردەخات، چونکە هەموو پاشایەک یا سەرکردەیەک حەزدەکات میراتگرێکی هەبێت، بۆ ئەوەی دوای خۆی تاج و تەختی بگرێتە دەست، بۆیە کاتێک جادوگەر بەو شێوە خەوەکەی بۆ لێک دەداتەوە، زۆر دڵخۆش دەبێت و لەبەرخۆیەوە دەست دەکات بە قسە و دووبارەکردنەوەی (کوڕم ئەبێ، ئەژدەهاکی بچووک ئەبێ) دۆخە دەروونییەکەی زیاتر پیشاندەدات. لە درامای (ئاسک)دا شاعیر ئاماژە بە دۆخی دەروونی (پیرۆت) دەکات کەوا چۆن لەبەر ئاسکە موبارەک کەوتۆتە چ دۆخێکی سەخت و دژوارەوە، هەروەک دەڵێت:

**پیرۆت: "کاسە و لەبەرخۆیەوە"**
**هەر بەحاڵ پێت لەسەر پلەی خز بترازێ**
"لەم کاتەدا سوارە دێتە ژوورەوە و لە پشت پیرۆتەوە ئەوەستێ"
**پیرۆت: "هەر لەبەر خۆیەوە"**
**لە چاوی خاوەردا...**
**تەنیا کوڕە شوان ئەسوتێ**
**لە چاوی ئاسکدا**
**خاوەر و شوانیش و هەموو دێ** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٩٩-٣٠٠)

پیرۆت ڕۆچۆتە دۆخێکی دەروونی قوڵەوە، بە جۆرێک هەست بە کەسانی دەورووبەری ناکات. کەواتە مۆنۆلۆگ دەربڕینی لایەنی نەستی و دەروونی کارەکتەر و کەسێتییەکانی نێو درامایە، بە جۆریک کاتێک

مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێی قسەکردنی ئاشکراوە هەست و نەستی خۆی دەرببڕێت، شاعیر بارێک دەسازێنێ بۆئەوەی کارەکتەر بە ئازادانە ئەوەی لە ناخیایەتی دەریببڕێت .

**٧- ململانێ :** ململانێ وەکو چەمکێک، تایبەتە بەدەرخستنی ئەو کێشمە کێش و لایەنە دژ و بەرامبەریەکانەی کەوا لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوولایەن یان زیاتر دروست دەبێت. لەهەمان کاتیشدا مێژووی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی شارستانییەت بەندە بە بوونی ململانێ.

چەمکی ململانێ چەمکێکی فرە ڕەهەندە، دەکرێت لە ڕوانگەی فەلسەفی یان کۆمەڵناسی یان دەروونی یان ئەدەبی...هتد لێی بکۆڵرێتەوە. لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە ئەو بەرامبەری و ناکۆکی و دژیەکییانە دەگرێتەوە کە لە نێوان کارەکتەر و ڕووداوەکانی دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبن. "مجدی وهبە" لە پێناسەی ململانێ دا دەڵێت (ململانێ بەریەککەوتنی نیوان کەسێتییەکانە یا ئەو ناکۆکییەیە، کە سەر دەکێشێت بۆ دروستبوونی ڕووداوێک لە شانۆ یا چیرۆکدا، دەگونجێت ئەو ململانێیە ناوەکی بێت و لە دەروونی یەک کەسێتییەوە سەرچاوە بگرێت یان لە نێوان چەند کەسایەتییەک یان دەگونجێت ململانێیەکە دەرەکی بێت وەک ژینگەکەی یا ئەو قەدەرەی کە بۆی دروست دەکرێت..)(وهبە،١٩٧٤: ٨٥). بە شێوەیەکی گشتی شانۆ و ڕۆمان و چیرۆک ناوەندێکی سەرەکین بۆ دەرخستنی ئەو ململانێ و کێشمە کێشمەی نێوان کارەکتەر و کەسێتییەکان، بەجۆرێک زیندوێتی بەو دەقانە دەبەخشێت و ڕۆڵیکی بەرچاودەبینێت لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان.

ململانێ لە درامادا ڕۆڵێکی دیاری هەیە کە ناکرێت پەروایز بخرێت، چونکە (ململانێ بە بڕبڕەی پشتی پێکهاتەی دراما دادەنرێت)(حمودة، ١٩٩٨، ١٧). ئەمەش بەردەوامی و چێژ بە دراما دەبەخشێت و وا دەکات

بینەر یان خوێنەر خۆی لە نێو ڕووداو و کەسێتییەکانی دراماکەدا ببینێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی درامای (کاوەی ئاسنگەر و دیوار و دەنگی خوێن، ئاسک) لەسەر ئەو ململانێ و بەریەککەوتنانە دامەزراوە کە بوونەتە هۆی بەرەو پێش چوونی ڕەوتی ڕووداوەکان، بۆنمونە درامای (کاوەی ئاسنگەر) لەسەر بنەمای ململانێی نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە یان تاریکی و ڕووناکی بنیاتنراوە هەروەها درامای (دیوار و دەنگی خوێن) لەسەر بنەمای ململانێی نێوان بەندییەکان و پاسەوانەکان، سەربەستی و دیلی، بێداری و نائاگایی.. بنیات نراوە. بۆ نمونە کاوە و هاوڕێیەکانی بەردەوام لە هەوڵی سەرکەوتندان بەسەر ئەژدەهاکدا. هەروەک کاوە دەڵێت:

**کاوە: بەڵێ ئەژدەهاکە**
**سەری... زۆردار**
**سەری بەڵا، سەری خوێنخوار**
**تا ئەو سەرە لەناوا بێ**
**پرسەی ژیان تەواو نابێ** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٧٨-٧٩)

لێرەدا کاوە پێی وایە تا ئەژدەهاک بمێنێ، گەل و نەتەوەی کورد بەردەوام لە پرسەدا دەبیت، هەر بۆیە بەڵێن دەدات خۆی و هاوڕێکانی بەرەنگاری ئەو ستەمە ببنەوە و سەری ئەژدەهاک لەبنەوە بپەڕێنن و ئازادی و سەربەستی بەدەست بێنن. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەژدەهاک بڕیاڕی ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنیان دەدات و دەڵێت:

**ئەژدەهاک: "بەتوڕەییەوە"**
**مادام وایە... پێیان بڵێ**
**تا لافاوی خوێن هەڵ ئەسێ**

**هەتا بە کۆمەڵ غەرق ئەبن**

**با بکوژن... هەر بکوژن!** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ١٨٥-١٨٦)

لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا ڕووداوەکان بەرەو پێش دەچن، هەر ئەوەشە وا دەکات خوێنەر یان بینەر بە دوای کۆتایی ئە ململانێیەدا بڕوات، تا بزانێت ڕووداوەکان سەرەنجامیان چی دەبێت و کام بەرەیان سەردەکەوێت؟ .

جۆرێکی تر لە ململانێ کە لە درامای کاوەی ئاسنگەردا بەرجەستە دەبێت، ململانێی دەروونییە، ئەویش ئەو ململانێیەیە کەوا لە دەروونی ئەژدەهاکدا لە نێوان مەرگ و ژیاندا پەنگی خواردۆتەوە. ئەمەش تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێیەکی توندی کردووە، بە جۆرێک ئەو بەهەشتەی کە تێیدا دەژییەت لێی بۆتە دۆزەخ. هەروەک دەڵێت:

**ئەژدەهاک: بڕوا ناکەم بەهەشتی...**

**دووری ئەستێرە**

**بگاتە بەهەشتی ئێرە!!**

"لە دوای قەیرێ بیرکردنەوە و دەست بە دەستا دان"

**بەڵام... بەڵام... ئەم مردنە**

**تێکی داوە...**

**ئەم مردنە ئێسک قورسە**

**تارمایی هەر لە بەر چاوە...** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٨٤-٨٥)

هەر لەبەر ئەوەشە بەردەوام لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدایە بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت لێی دەرباز بێت، لە کۆتاییدا هەموو سەروەت و سامان و دەسەڵاتی دەبەخشێت بە تارمایی مردن تەنها بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، بەڵام دواجار ئەوە مەرگە بەسەریدا زاڵ دەبێت.

بەهەمان شێوە ئەو ململانێ دەروونییە لە درامای ئاسکدا بەرچاودەکەوێت، ئەمەش کاتێک (پیرۆت) دەیەوێ ئاسکە موبارەک

ڕزگـار بکـات، لەبەر ئەوە دەکەوێـتە حـاڵەتێکی دەروونیـیەوە، لە نێـوان چـوون و نەچووونـدا نازانێـت چ بڕیارێـک بـدات، بـۆ ئەمەش لەگەڵ دوو دەنگی دژ بەیەکدا دەکەوێتە ململانێ، بۆ نموونە:

**دەنگی یەکەم: ئەڵێی چی؟! نەهێڵی**
**مام وسوو.. تەڵەکەی**
**لە دڵتا بتەقێ**
**پێت ئەڵێم هۆ شوانە**
**قەت نەکەی**
**بەو فێڵە بڕوا کەی!**
**دەنگی دووەم: ئەو کاتە چاوانت ڕۆشنە و،**
**بێ گێژاو ناو سەرت**
**کە ئاسک دابگری و،**
**بیخەیتە باوەشی خاوەرت** (بێکەس، ب٣، ١٣٩٩، ٢٩٨)

ئەم دوو دەنگە لە بەرامبەر یەک دەوەسـتن، دژ بەیەک، ئەمەش وا دەکـات پیـرۆت بە ئاسـانی نەتـوانێ بڕیـارێکی دروسـت بـدات، بـۆیە پێویسـتی بە بیرکردنەوەیەکی قـوڵە بـۆ ئەوەی تووشـی هەڵە نەبێت، لە ئەنجامیشـدا بڕیـاری ڕزگـارکردنی ئاسـکە دەدات و دەنگـی دووەم زاڵ دەبێت بەسەر دەنگی یەکەمدا .

لێرەدا دەتوانین بڵێین ململانێ سیمایەکی دیـاری دراماکـانی شـێرکۆ بێکەسە، هەر ئەمەش وایکردووە خوێنەر یـا بینەر گیـانی بەشـداربوونی لە ڕەوتـی ڕووداوەکـان و کارەکتەرەکانـدا لا دروسـت ببێـت. بێگومـان ئەمەش لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ دراماکان.

**ئەنجام:**

١-درامــای شــیعری ژانرێکــی بەهێــزی ئەدەبــی کــوردییە بــۆ دەرخســتنی کێشــە و ئاریشــەکانی ژیــانی ژیــاری و کــۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕۆشنبیری و سیاسی نەتەوەی کورد. شێرکۆ بێکەس بە شــێوازێکی هــونەری توانیــویەتی خــود هۆشــیاری خــۆی لەنێــو دەقە دراميیەکانیدا ڕەنگبداتەوە.

٢- شیعر چوارچێوەیەکی هونەری زاڵە بەسەر دەقە دراميیەکاندا، ئەگەرچــی لە درامــای (کــاوەی ئاســنگەر)دا لە هەنــدێ شــوێندا تەنهــا دابەشکردنی دێڕە شیعرەکان و دیالۆگەکانە بەسەر کارەکتەرەکاندا، بەڵام لە دراماکانی (دیوار و دەنگی خوێن، ئاسک)دا زمانی شیعری چڕتــرە، دیــالۆگی نێــوان کارەکتەرەکــان بە شــێوەیەکی هــونەری بەرجەستەکراوە.

٣- کــارەکتەر و ڕووداو لە هەر ســێ دراماکانــدا هەڵبــژاردەی کەســایەتی و ڕووداوەکــانی نێــو کۆمەڵگــای کــوردین و کێشــەکانی کۆمەڵگــــای کــــوردی دەردەخــــات و هەوڵــــی چارەســــەر و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و کێشەکان دەدات .

٤- ڕەگەزەکــانی (ڕووداو، کــارەکتەر، کــات، شــوێن، دیــالۆگ، مۆنۆلـۆگ و ململانــێ) پەیوەســتن بەیەکەوە و لە خــزمەت یەکتریــدا بەکارهاتوون، هەمووشیان بەیەکەوە لە خزمەت پێگەشتنی ڕووداوەکان و کۆتایی هاتنی ڕووداوەکاندا بەکارهاتوون .

## سەرچاوەکان:

### بەزمانی کوردی ، کتێب:

- ئەرستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، چ٢، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
- بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٩)، دیوان، ب ٢، چ١، انتشارات آمیار، سنه.
- بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٩)، دیوان، ب٣، چ١، انتشارات آمیار، سنه. .
- رسول، دکتۆرە شوکریە (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلم العالی، أربیل .
- سالار، ئەحمەد (١٩٨٨)، ڕێبازە سەرەکی یەکانی ئەدەب و هونەر، دارالحریة للطباعة والنشر، بەغداد.
- سالار، ئەحمەد (٢٠٠٩)، کورسی و بەها درامییەکان، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- عومەر، یاسین (٢٠٠١)، ئەزموون - چەپکێک هەڤپەیڤین لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
- عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد (٢٠١٣)، ریالیزم لە شانۆی کوردیدا، چ١، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر .
- عەبدوڵڵا، پەروین (٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
- عەولا، عەبدوڵڵا ڕەحمان (٢٠١٣)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠١)، درامای کوردی لەنێو درامای جیهاندا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

### گۆڤار:

- پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠٠)، سەرچاوەکانی شانۆی کوردی لە کۆنەوە تا ١٩٧٥، گۆڤار زانکۆی سلێمانی، ژ.٤، سلێمانی .
- عارف، حوسێن (٢٠٠٣)، نهێنییەکانی هونەری چیرۆکنووسین، گۆڤاری

ڕۆڤار، ژ٢٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
- عەلی، حوسێن سابیر (٢٠٠٧)، بینای ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختدا، گۆڤاری ڕامان، ژ؛ ١٢٥، هەولێر.

**نامەی ئەکادیمی:**

- حەسەن، یاسین ڕەشید (٢٠٠٤)، ناوەڕۆک و تەکنیکی دراماى کوردی (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .
- حسین، عطا رشید (٢٠١٢)، بنیاتی دەق لە دراماى کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠(ڕاپەڕین)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .
- خدر، پەروین عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، فۆڕمەکانی شیعری هاوچەرخ، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .

**بە زمانی عەرەبی :**

- ایگری، لاجوس (١٩٩٨)، فن كتابة المسرح، ت: درينى خشبة، ط١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة .
- باشلار، غاستون، جمالية المكان (١٩٨٤)، ت: غالب هلسا، ت ٢، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت .
- برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، المصطلح السردى (معجم المصطلحات)،ت: عابد خزندار، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة .
- حمودة، الدكتور عبدالعزيز (١٩٩٨)، البناء الدرامى، الهيئة المصرية، القاهرة .
- خليل، ابراهيم (٢٠١٠)، بنية النص الروائى، منشورات الاختلاف، الجزائر .
- رشدى، رشاد (١٩٩٨)، فن كتابة المسرحية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الأسكندرية .
- رشدى، رشاد (٢٠٠٠)، نظرية الدراما من أرسطو الى الان، ط ١، هلا للنشر والتوزيع، القاهرة.
- زبيدى، على قاسم غالب (٢٠٠٩)، درامية النص الشعرى الحديث (دراسة فى شعر صلاح عبدالصبور و عبدالعزيز المقالح)، ط ١، دار الزمان، دمشق.
- زيتونى، لطيف (٢٠٠٢)، معجم مصطلحات نقد الرواية، ط١، دار النهار للنشر، لبنان.
- سرسک، فريد شوقى (٢٠١٥)، الملامح الدرامية فى شعر أيام العرب، دار المستشارون للنشر والتوزيع، عمان.

- شوكت، محمود حامد (١٩٤٧)، المسرحية فى شعر شوقى، مطبعة المقتطف و المقطسم، ط١، بيروت .
- صليحة، د.نهاد (١٩٨٦)، المسرح بين الفن والفكر، مطابع هيئة المصرية للكتاب، القاهرة.
- الطاهر، الدكتور على جواد (١٩٧٩)، مقدمة فى النقد الادبى، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- عبدالغنى، مصطفى (٢٠١٣)، المسرح الشعري العربي (الازمة والمستقبل)، عالم المعرفة، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
- العامرى، ميادة عبدالكريم (٢٠١١)، البنية السردية كتاب الأغانى لأبى الفرج الاصبهانى، رسالة ماجستير، جامعة ذى قار، ذى قار.
- فتحى، ابراهيم (١٩٨٨)، معجم المصطلحات الادبية، التعاضدية العمالية للطباعة والنشر، تونس.
- فرحات، أسامة (١٩٩٧)، المونولوج بين الدراما والشعر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- مندور، محمد (٢٠٠٦)، الادب و فنونه، ط٥، نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة.
- وهبة، مجدى (١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادب، مكتبة لبنان، بيروت.
- يوسف، آمنة (٢٠١٥)، تقنيات السرد فى النظرية والتطبيق، ط٢، المؤسسة العربية للطبع والنشر، بيروت.

**گۆڤار :**

- بن زيدان، الدكتور عبدالرحمن (١٩٨٤)، بداية المسرح الشعرى بالمغريب، مجلة عالم الفكر، المجلد الخامس العشر، العدد ١، الكويت .
- زيتونى، لطيف (٢٠١٧)، شعرية الحوار، مجلة الفصول، العدد ٩٨، المجلد ٢/٢٥، الهيئة المصرية العامة، القاهرة .

**نامەی ئەکادیمی :**

-تريش، أسماء (٢٠١٧)، خصائص المسرح الشعرى عند صلاح عبدالصبور مسرحية الاميرة تنتظر -عينة- رسالة الماجستير، جامعة قاصدى مرياح ورقلة، الجزائر.

## الخلاصة

## العناصر والتقنيات الدرامية فى شعر شيركو بيكەس

المسرحية الشعرية لها مكانة مهمة وتعد إحدى المكونات الثقافية والحضارية لكل الشعوب كل حسب تقدمه وتطوره الحضاري والتأريخي والثقافي. المسرحية الشعرية الكوردية ليست لها تأريخ عميق وطويل، لكن السبعينات والثمانينات في مطلع القرن العشرين اصبح بوابة مهمة لظهور المسرحية الكوردية والمسرحية الشعرية بدأت تقوم على ساقها على أيدي مجموعة من الكتاب والشعراء والادباء. كان ل(شيركۆ بيكس) دور مهم وفعال في هذا المجال وقام بكتابة ثلاث مسرحيات الشعرية تحت عنوان: (كاوة الحداد، الجدار وصوت الدم، والغزال) مستخدما العناصر والتقنيات المسرحية والتمثيلية القوية فيها ومن هذا المنطلق جاء هذا البحث وسلط الضوء على تلك العناصر و التقنيات المسرحية الفنية الشعرية. علما بان البحث مكون من عدة محاور :

- مفهوم وتعريف ل المسرحية الشعرية
- المسرحية الشعرية والشعر المسرحى
- تقنيات والعناصر المسرحية الشعرية عند شيركو بيكس

وفي الختام الاستنتاجات وقائمة المصادر والمراجع

# Abstract

**Elements and dramatic techniques in Sherko Bekas's Poetry**.

Poetic drama occupies an important place in the culture of nations. Each nation has paid attention to it according to its own social, historical and cultural development and has rooted its position in its literature. Poetic drama in Kurdish literature doesn't have a long history, but as the sources indicate, the beginning of the twentieth century was a new and important gateway for the emergence of Kurdish drama and its development. The 1970s and 1980s were important period in the history of Kurdish drama. During the 1970s, he wrote three poetic dramas such as (Kawa the blacksmith, Wall and the sound of blood and Deer). Each of these has strong techniques and the elements of the drama have been used in a strong and attractive way .

From this point of view, this research focuses on the elements and techniques of (Sherko Bekas's) poetic drama in the light of this research in several topics as follows :

–Poetic drama of concept and definition .

–Poetic drama and drama of poetry by Sherko Bekas .

–The elements and techniques of the poetic drama by Sherko Bekas.

Finally, the results and list of sources have been shown .


**Key words:** poetic drama, elements of poetic drama, genres of poetic drama, monologue, event, character, dialogue, time and setting